محمدی مەلاکرم

# هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی کاکەی فەللاح لە دستنیشان کردنی هەڵە لە «دیوانی گۆران» دا

پاش پیاچوونەوەی بەشی یەکەمی وتارەکەی کاکەی فەللاح کە بە ناوونیشانی «دیوانی گۆرانو چەند سەرنجێکی درەنگ‌وەختە» لە ژمارە (١٢٣)ی ئەیلوولی ساڵی رابوردووی گۆڤاری (بەیان)دا بلاوی کردبووەوە ، دێمەسەر لێکۆڵینەوەی ئەو بەشەی ، بە بۆچوونی خۆی ، وشە بەهەڵەدانراوەکانی ناو دیوانی ناوبراوی تیا دەستنیشان کردووەو ، لام‌وایە زۆر بەجێ‌یە ئەم وتارەم بەو چەند وشەیە دەست‌پێ‌بکەم کە لە وەلامی برای بەرێز هۆگری کوڕی مامۆستا گۆراندا نووسیبوومن ، کە ئەویش لە ژمارە (٨٢)ی ئابی ١٩٨٢ی دیسانەوە گۆڤاری (بەیان)دا وتارێکی بە ناوونیشانی «هەڵەی چاپ لە بەرگی یەکەمی دیوانی گۆراندا» بلاوکردبووەوەو ، منیش لە ژمارە (٨٧) و (٨٨)ی حوزەیرانو تەمووزی هەمان گۆڤاردا بە ناوونیشانی «هەڵەی راستەقینەو راستی بەهەڵەدانراو لە دیوانی گۆراندا» وەلامم دابووەوە .

بەرلەوەی ئەو چەند وشەیەی باسم‌کردن لێرەدا بنووسمەوە ، بە پێویستی ئەزانم بڵێم بەشێکی زۆر لەو وشانەی کاکەی فەللاح بە هەڵەی داناون ، جا خوا باشی بڕچووبێ یا نە ، کاك هۆگریش بە هەڵەی دانابوون . هەندێ لەوانەیش ئەوەندە بەئاشکرا دیاربوو کاك هۆگر تیایاندا کەوتبوە هەڵەوە ، بە هیچ کلۆجێ بۆ ئەوە نەشێن کەسێکی تریش دووبارە – بەتایبەتی پاش وەلامدانەوەکەی من – تیایاندا بکەوێتە هەڵەوە ، بێ‌ئەوەی چەشی شیعرو هەستی رەخنەگرێی خۆی بخاتە گەڕداوێکی ئەوتۆوە بەزەحمەت جارێکی‌تر بتوانێ بە سەلامەتی لێی رزگار بێ ، چونکە هیچ‌وایان تیایە مامۆستا گۆران خۆی کە خاوەنی شیعرەکانە هەڵەی تیا راست‌کردوونەتەوەو وای لێ‌کردوون کە من لە دیوانەکەدا نووسیومەتەوە . جا ئیستا کە کاکەی فەللاح دیسانەوە بەشێ لەو بەهەڵەزانراوانەی کاك هۆگر بە هەڵە دائەنێتەوە ، ئەبێ ئاگای لەو وتارەی من نەبێ‌کە لە وەلامی کاك هۆگردا نووسیبووم . ئەمەیش بە هیچ کلۆجێ شایانی کەسێ نیی بە ئەرکی راستکردنەوەی دیوانی گۆرانی گرتبێتە ئەستۆو لەسەری بنووسێ ، چونکە کەسی‌وا پێویستە ئاگای لە هەموو ئەو شتانە بێ لەبارەی بابەتەکەوە نووسراون . خۆ ئەگەر بۆچوونەکانی منی بەدڵ نەبووبێ ، ئەوە سەیرترە ، چونکە وەك وتم هیچ‌وایان تیایە من دەق لە نووسینی مامۆستا گۆران خۆم وەرگرتووە .

ئیستا دێمە سەر ئەو چەند وشەیەی لە وتارەکەی وەلامی کاك هۆگردا نووسیبوومن . لە سەرەتای ئەو وتارەما نووسیومە :

«سەرچاوەی بەردەستی من بۆ ئامادەکردنی (دیوانی گۆران) بریتی‌بووە لە دوو دیوانی (بەهەشتو یادگار)و (فرمێسكو هونەر)و ، (پەیامی کورد)ی چاپی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆی‌و ، بەشێکی زۆری چەکامەکانی‌تری کە تا تەمووزی ١٩٥٨ لەچاپ‌نەدرابوونو لە بەر دەستنووسی خۆی نووسیومنەتەوەو تێکستە ئەسڵی‌یەکەیانم لەگەڵ نوسخەیەکیاندا بە خەتی خۆم دایەوە بە خۆی‌و ، نازانم ئیستا لای کاك هۆگرو

براکانی ماوه یا نەو ، دەسنووسی زوربەی شیعرەکانی‌تری کە نەپاش تەمووزی ١٩٥٨ەوە تا کۆچی دوایی کردنی دایناون‌و خۆی خستوونیەتە بەردەستم‌و ، هەندێ چەکامەی‌تری کە لە چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەکدا بلاوکراونەتەوە ، جا یا پێشان دەستنووسی هەندێکیانم لابووە یا نەو ، چەند پارچەیەکیش سروودو شیعری منالان کە لەم‌لاو لەولا دەستم‌کەوتوون‌و ، لەبەرئەوە ڕێی تێ‌ئەچێ هەندێ هەڵەیان تێکەوتبێ .

«بۆ دیاری‌کردنی تێکستی ڕاست ، دیارە ئەگەر لە بەر دەستنووسی مامۆستا گۆران خۆی نووسرابێتەوە ، ئەوە جێگەی قسە بۆ کەس نامێنێ‌و مەسەلەکە تەنها ئەکەوێتە سەر جۆری خوێندنەوە لەو وشانەدا کە لەوانەبێ بە زیاتر لە جۆرێ بخوێنرێنەوەو ، لەم‌جۆرە شوێنانەدا من بەپێی لێ‌تێگەیشتنی مەعنا بڕیارم داوە چۆن ئەخوێنرێنەوە . خۆ ئەگەر دەستنووسی مامۆستا گۆران خۆیم لە بەردەستدا نەبووبێ‌و شیعرەکەم لە دیوانە لەچاپدراوەکان یا لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان وەرگرتبێ یا لەڕووی دەستنووسی کەسانی‌تر نووسیبێتمەوە ، ئەوە دیارە ڕێ‌تێ‌چوونی ڕوودانی هەڵە هەیە ، نەخوازەلا هەڵەی چاپ . .» .

ئەنجا نۆرە دێتە سەر هەڵسەنگاندنی ئەو هەلانەی کە (کاکەی فەللاح) دەسنیشانی کردوون‌و ڕوونکردنەوەی ئەوە ئاخۆ ڕاستە هەڵەن یا نەو ، ئەڵێم :

سەرتۆپی هەڵە دەستنیشانکراوەکانی کاکەی فەللاح ئەوەیە لەبارەی بەیتی :

**پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا :**
**جوانێ لە بەژنێکی بەرزا ! . . .**

(ب ٦ ، ل ١٢)وە ، ئەڵێ : «پێم‌وایە (جوانێ) نی‌یەو (جوانی)یە ، چونکە شاعیر (جوانی) لە بەژنێکی بەرزا ویستووە ، ئەگینا مەرجە هەموو جوانێك بەژن‌و بالا بەرز بێت‌و تەنانەت هەموو ئافرەتێکی کورتەبالاش تاسەی بالای بەرز دەکات با جوانیش بێت» .

بەرلەوەی بێمە سەر وەلام‌دانەوەی ئەم بۆچوونەی کاکە ، داوا لە هەموو ئەو برایانە ئەکەم کە ئەم وتارە ئەخوێننەوە ، ئەگەر دیوانی گۆرانیان لایە بیهێننە بەردەسیان‌و ، کە گەیشتنە باسی هەر بەیتێ دیوانەکە لەئاستی ئەو بەیتەدا بکەنەوەو چاوێك بەو بەیتەو بە تێکرای پارچە شیعرەکەدا بگێڕن ، چونکە ئەوە یارمەتی‌یەکی باشیان ئەدا بتوانن بە شێوەیەکی بێ‌لایەن لەنێوان من‌و کاکەدا ببن بە دەمڕاست‌و ، ئەوانیش ، بەوە ، دەوری خۆیان لە ڕاستکردنەوەی هەڵەی ناو دیوانی گۆراندا ببینن .

ئەنجا دێمە سەر بۆچوونەکەی کاکەو ئەڵێم : وانی‌یە کە ئەو بۆی‌چووە ، چونکە یەکەم گۆران لە تێکرای پارچە شیعرەکەیا ویستوویە کۆمەڵە نموونەیەکی ڕەوتی جوان پیشان‌بداو ، پارچە شیعرەکەیشی هەر بۆیە ناوناوە (ڕەوتێکی جوان)و ، بۆ نموونەی ئەم ڕەوتە جوانە مەبەستە ڕەوتی‌قازو مراوی بەسەر چیمەنی گوێ ئاوی بەرخۆڕاو ، کشانی کەوی سەربەفری لانزار بۆسەر لووتکەو ، قونەقونی بەر مانگەشەوی کەروێشك‌و ، کۆمەڵێ نموونەی جوانی‌تری هێناوەتەوەو ، سەرەنجام دوایی شیعرەکەی بەوە هێناوە کە پێی ناز نانە سەر زەوی ئافرەتی جوانی بەژن‌و بالا بەرز لە هەموو ئەو نموونانەی باسی‌کردوون‌و ، لە گەلێ نموونەی جوانی‌تری وەك شنەی بای شەوو ، لەرەی پرشنگ‌و ، ئاوازەی مۆسیقاو ، شیعری تازە لەدایك‌بووی نە بە شێوەو نە بە بابەت نەسواو ، جوانترو خۆشترو بە گوێی دڵ ئاشناترە .

دووەمیش چونکە (جوانی) لە بەژن‌و بالای بەرزی ئافرەتی جوانا خۆی بنوێنێ ، یا لە هەر جۆرە بەژن‌و بالایەکی‌ترا ، شتێکی مەعنەوی‌یەو توانای ئەوەی نی‌یە پێی ناز بەسەر عەرزا بنێ .

لەبارەی بەیتی :

**ئەی چاو ! چەشنی بازی قەفەس هەلوەری پەڕت**
**کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دلبەرت ؟**

(ب ١ ، ل ١٣)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (هەلوەری) نی‌یەو

(هەڵوەریّ)یە . شاعیر لێرەدا وەك خواستو وەك دوعا لەگەڵ چاوی جوولاوەتەوە ، چونکە وەك جاران (نیگای حوسنی دلبەری) نەماوە» .

منیش ئەڵێم : بە هەردووجۆر ئەگونجیٚو مەعنای تەواو ئەدا بەدەستەوە .

لەبارەی بەیتی :

**پایزە ، گەڵای دار رژاوە ، باغ رووتە**
**گوڵ کوانیٚ ؟ گوڵ لێوی بە بزە پشکووتە**

(ب ٦ ، ل ١٦)یشەوە ، ئەڵیٚ : «وشەی (پشکووتە) ، (نەپشکووتە)یە ، چونکە ئەگەر وانەبیٚ ماناو مەبەستی شاعیر پێچەوانە ئەکەوێتەوە» . ئەنجا پاش نووسینەوەی بەیتەکە ، بەگوێرەی بۆچوونەکەی خۆی ، نووسیویە ئەڵیٚ : «واتە : گوڵ کوا هەیە ، چونکە پایزان گوڵ لێوی بە بزە نەپشکووتووەو هەر نی یە» .

منیش ئەڵێم : بەر لە هەرچی سادەترین بەڵگەی ناراستیی بۆچوونەکەی کاکەی فەللاح ئەوەیە هەر لەو نیوە بەیتەدا کە وشەی (پشکووتە)ی تیایە ، وشەی (بزە)یش هەیە کە لە (بەهەشتو یادگار)ەکەی چاپی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا بە (برە) لەچاپدراوەو ، مامۆستا خۆی لە داوێنی (فرمێسكو هونەر)ەکەیەو ڕاستی کردووەتەوەو سەردێری ئەو هەڵە ڕاستکردنەوانەیشی بەمجۆرە نووسیوە : «لیستەی ڕاستکردنەوەی ئەو چەند هەڵەیە کە لە چاپی بەرگی (بەهەشتو یادگار)دا ڕوویدا» . دیارە ئەگەر (پشکووتە)یش ، وەك کاکەی فەللاح ئەڵیٚ ، (نەپشکووتە) بووایە ، بەپەلەتری ڕاستئەکردەوە ، چونکە زۆر زەحمەتە کەسیٚ هەڵکەویٚ بە هەڵەیی (برە) نەزانیٚ ، کەچی هەڵەیی (پشکووتە) – ئەگەر ڕاست بیٚ هەڵە بیٚ – ئەمە حەوت ساڵە تەنها هۆگرو کاکەی فەللاح پییٚان زانیوە !

ئەنجا دێمە سەر لێکدانەوەی هەڵەیی بۆچوونەکەی کاکە لەبارەی هونەریو مەعناوەو ئەڵێم : کاکە بەم بۆچوونەی هەموو ئەو بینا هونەری یەی دارماندووە کە مامۆستا گۆران لەم بەیتەدا بینای ناوە . بناغەی کارەکەی مامۆستا گۆران لەسەر شوبهاندنی لێوی بەبزەی دڵداری پشکووتووی یار بە گوڵ – دامەزراوە . گۆران لەم بەیتەدا ئەڵیٚ : وەرزەکەی وەرزی پایزە ، گەڵا بەدارەوە نەماوەو هەمووی وەریوەتە بن درەختەکان . باخ رووتوقووت بووەتەوەو هیچی پێوە نی یە دایپۆشیٚ ، نە گەڵاو نە گوڵ . . ئیتر ئەبیٚ لە وەرزی وادا ، ئازیزەکەم ، گوڵ لەکویٚ دەسگیر بیٚ بۆتی بهێنم ؟ نی یە . تەنها تاقە گوڵیٚ هەیە کە گوڵی لێوی ئاڵی خۆتە کە بە بزەی دڵداری پشکووتووەو لە خونچەیی یەوە بووە بە گوڵو کراوەتەوە . ئەو گوڵەیش بەخۆتەوەیەو لای خۆتەو گوڵیٚ نی یە لە شوێنێکی تر بیٚ بچم بۆتی بهێنم .

کەچی کاکەی فەللاح بە کردنی (پشکووتە) بە (نەپشکووتە) ، مەعنای بەیتەکەی والێکردووە قسەیەکی زۆر ئاسانو سادەو ناهونەرمەندانە بیٚ کە ئەوەتە پایزان گوڵ دەس ناکەویٚ ، بەڵکو بە بەکارهێنانی وشەی (نەپشکووتە) مامۆستا گۆرانی خستووەتە ناکۆکی یەکی سەیرەوە کە ئەوەتە بڵیٚ پایزان خونچە هەیە بەڵام ناپشکویٚ ، لەکاتێکا کە هەموومان ئەزانین مادەم خونچە هەبیٚ ئەبیٚ بپشکویٚو کەس نەیدیوە درەخت پایز خونچە بکاو بەهار خونچەکەی بپشکویٚ ! کاکەی فەللاح بەم بۆچوونەی ، ئەو هەمووە سامانە هونەری یەی مامۆستا گۆران بەو تەشبیەو ئیستیعارانەی لەو بەیتەیدا کردوونی ، بەجاریٚ بەخۆڕایی دانی بە ئاوا .

ئەمەیش هەموو سەرەڕای ئەوە کە وشەی (نەپشکووتە) هەرگیز ئەو مەعنایە نادا بەدەستەوە کە کاکە مەبەستیەتی کە (نەپشکووتووە)یە . ئەگەر گۆران ئەمەی مەبەست بووایە ئەیوت (ناپشکویٚ)و بەجۆریٚ بەیتەکەی ڕێكئەخست . زیاد لەمەیش ئەگەر مەسەلەکەمان ، وەك کاکە ، لە خونچەی لێوی بە بزە پشکووتووی بە گوڵ بووی یار دوورخستەوە ، هیچ بیانوویەك بەدەستەوە نامێنیٚ بۆ هێنانەئارای وشەی (بزە)و (لێو)و ئەو

هەموو کارە هونەری‌یانەو ، گۆران ئەیتوانی سووكو ئاسان
بڵێ : گوڵ بە پایزا دەسگیر نابێ !

بۆ ئەوانەیش لەدووی سەنگو ترازووی شیعر ئەگەڕێن ، کە بێ‌گومان ئەبێ شاعیران خۆیان لە ڕیزی پیشەوەی ئەم جۆرەکەسانەوە بن ، ئەڵێم : (نەپشکووتە) برگەیەك لە نیوە بەیتەکەی زیاد ئەکا کە بەیتەکە خۆی (١٢) برگەیی‌یەو (نە) کە ئەیکا بە (١٣) برگەیی ، مەگەر (نە) کە بخەینە سەر (بزە)کەو (بزە)کەیش لەگەڵ (بە)کەی پێشی لێك‌بتاڵێنین‌و بە هەرسێکیان (بەبزەنە)یەکیان لێ دروست بکەین تا بتوانین برگە برگەیان بکەین بە سێ برگە : (بەب – زە – نە).کە

– نازانم ئەمجا دێیت بۆ شایی‌و هەڵپەڕکێ ؟
– نایەم ، گوڵ ماوێتی بۆ سەرم سوور چەپکێ

(ب ٦ ، ل ١٧) یشەوە ، ئەڵێ : «(نازانم ئەمجا) ، (ئەمجا نازانم)ە ، وا سوارترو ئاوازدارترە» .

منیش ئەڵێم : هەرچەند نیوە بەیتەکە بە هەردوو جۆر هەر دوانزە برگەیی‌یە ، بۆ پارچەبڕ کردنی ئەوە لەبارەترە کە لە دیوانەکەدا چاپ‌کراوە ، چونکە بەپێی دیوانە چاپەکە وا پارچەبڕ ئەکرێ (نازانم – ئەمجا دێیت – بۆ شایی‌و – هەڵپەڕکێ) ، بەڵام بەپێی بۆچوونەکەی کاکە بەم‌جۆرە پارچەبڕ ئەکرێ : (ئەمجا نا – زانم دێیت – بۆ شایی‌و – هەڵپەڕکێ) ، کەواتە ئەوەی ئەو نووسیویە کە گوایە (ئەمجا نازانم دێیت . . تاد) سوارترو ئاوازدارترە ، لەجێی خۆیا نی‌یە . ئەمە هەمووی لەلایەك . لە لایەکی‌تریشەوە لە (بەهەشت‌و یادگار)ە لەچاپدراوەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیشیا هەر (نازانم ئەمجا دێیت . . .) نووسراوەو لە ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپیشا لە داوێنی (فرمێسك‌و هونەر)ەوە لەم‌بارەوە هیچ نەنووسراوە .

کەواتە مامۆستا گۆران خۆی (نازانم ئەمجا دێیت . .)ی نووسیوە . بۆیە ئەگەر کاکەی فەللاح ڕەخنەیەکی لەم جۆرە داڕشتنەی ڕستەکە بێ ئەبێ بەرەورووی مامۆستا گۆران خۆی بکاتەوە ، نەك من کە خاوەن شیعر نیم‌و تەنها هەر ئەوەندەیە دیوانی خاوەن شیعرم بە چاپ گەیاندووە .

لەبارەی بەیتی :

منیش ئەگەرچی بە جیلوە ، بە جاذیبەی جوانی
گەلێ لە فەوق گوڵاو ، گرانترم لە گوهەر

(ب ١ ، ل ٢٠)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (جوانی) ، جوانیم)ە کە هاوقافیەی (زیندانیم)ە ، وەك تەرتیبی قافیەکانی پێش خۆیان» .

منیش ئەڵێم : ئەم پارچە شیعرە لە شەش دووبەیتی پێکهاتووە ، لە چواری یەکەمیانا نیوەی یەکەم لەگەڵ نیوەی سێهەم‌و ، نیوەی دووەم لەگەڵ نیوەی چوارەم هاوقافیەن . لە پێنجەمیانا تەنها هاوقافیەیی نیوەی دووەم لەگەڵ چوارەم ڕەچاو کراوە . لە شەشەمیانا نیوەی یەکەم لەگەڵ دووەم‌و ، نیوەی سێهەم لەگەڵ چوارەم هاوقافیەن . لەمەوە دەرئەکەوێ کە گۆران خۆی ویستوویە ئەم سێ جۆرە جیا جیایە لە پارچە شیعرەکەدا بەکاربێنێ . زیاد لەمە گۆران مەبەستیشی لە (جوانی) جوانیی خۆی نی‌یە ، قسە لە جوانی وەك سیفەتێك ئەکا با لەخۆیشیا هاتبێتەدی ، ئەگینا ئەبوو لە (جیلوە)یشا بیوتایە (بە جیلوەم) . گۆران هەر ئەوەندەی مەبەستە بڵێ : منیش ئەگەرچی بە جیلوەو جاذیبەی جوانی لەژوور گوڵ‌و گەوهەرەوەم . . تاد . سەرەڕای هەموو ئەمەی کە وتمان . ئەگەر (جوانی) هەڵە بووایە ، گۆران خۆی لە لیستەی چەوت‌و ڕاستەکانی کتێبی (فرمێسك‌و هونەر)دا ڕاستی ئەکردەوە .

کەواتە ڕاستەکەی (جوانی)یەو (جوانیم) نی‌یەو ، کاکە لەمەیشدا باشی بۆ نەچوە .

لەبارەی بەیتی :

**نه زۆر چاورەشی**
**نه ئێجگار گەشی**

(ب ٧ ، ل ٢٨)یشەوە ، ئەڵێ : «دڵنیام لەوەی کە (چاورەش)و (گەش)و ، کە چوار برگەیین‌و ئاوازیان بۆ دانراوە وەك هاوبرگەکانیان لە بەیتەکانی‌تردا» .

منیش ئەڵێم : نازانم کاکەی فەللاح بەچیدا ئەوەندە دڵنیایە ؟ شیعر شیعری ئەوە یا هی گۆرانە ؟ نازانم بۆ وا نووساوە بە هەڵەکانی هۆگرەوەو لێ‌یان نابێتەوەو ، هیچ گوێ بە راستکردنەوەکانی من نادا ، تەنانەت ئەگەر پشتم بە نووسینی مامۆستا گۆران خۆیشی قایم بێ ؟ !

حەزم‌ئەکرد کاکە نەختێ وردبوایەتەوەو ، وا بە دڵنیایی‌یەوە قسەی نەکردایەو ، ماڵی لە خاوەن‌ماڵ حەرام نەکردایە . دەسا با چاوێك بە لاپەرە (٨٧)ی (فرمێسك‌و هونەر)ی چاپی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا بگێڕێ‌و ، لەجیاتی دڵنیایی‌یە بێ‌بەڵگەو لەخۆوەکەی خۆی ، دڵنیا بێ لەوە کە مامۆستا گۆران لە لیستەی راستکردنەوەی هەڵە چاپی‌یەکانی (بەهەشت‌و یادگار)دا (رەش)و (گەش)ی کردووە بە (رەشی)و (گەشی) .

هەروا زیاد لەمە حەزئەکەم لەرووی مەعنایشەوە بۆ کاکەو بۆ هەموو خوێندەوارانی روون‌کەمەوە کە هەر

نە زۆر چاورەشی
نە ئێجگار گەشی

راستە کەوا لە دیوانەکەدا نووسراوە . ئەم بەیتە لەپاش بەیتی :

نە باریکی ، نە گۆشتن
نە کچۆڵەی ، نە شاژن

هاتووە کە رووی دەمی تیا کراوەتە (کچە کورد)ەکە کە لە برگەی پێشووی شیعرەکانا باسی‌کراوە ، لەبەرئەوە پێویستە ئەو (ی)ی ضەمیری خیطابە بە (چاورەش)و (گەش)یشەوە بنووسی‌و بی‌یانکا بە (چاورەشی)و (گەشی) .

هەرچی مەسەلەی (چوار برگەیی)و شتی‌وایشە ، ئەوە بە هیچ کلۆجێ نابێ بە بەڵگە ، چونکە وەنەبێ پارچە شیعرەکە هەمووی لە بەیتی چوار برگەیی پێکهاتبێ ، بەڵکو لە (٣٠) بەیتی (٧) بەشیا تەنیا (٦) نیوبەیتی (٤) برگەیی تیایە ، لە (٥) بەشیشیانا بەیتی یەکەم ٧+٧و بەیتی دووەم ٥+٥و لە (١) بەشیشیانا بەیتی سێهەم ٧+٧و بەیتی چوارەم ٥+٥و ، ئەم بەیتی .

نە زۆر چاورەشی
نە ئێجگار گەشی

یەی لێرەدا باسی لێ ئەکەین ، لە بەیتە دووەمەکانە ، واتەزۆر بەجێ‌یە وەك ئاوەڵەکانی لە (٤) پارچەی‌ترا (٥) برگەیی بێ .

لەبارەی بەیتی :

**لێت بێ بزەی مانگەشەوی**
**بەژنی رێك‌و رەوتی کەوی**

(ب ٢ ، ل ٢٩)یشەوە ، ئەڵێ : «(بزەی) نی‌یەو (بزە)یە ، وەك چاپەکەی سەردەمی گۆران‌و هەڵەیش نەبوە . مەبەستی شاعیر ئەوەیە : وەك مانگەشەو بزەت لێ بێ ، نەك بزەی مانگەشەوی» .

منیش ئەڵێم : خۆیشم دەمێکە رام‌گۆڕاوەو لام‌وایە هەر (بزە)یەو چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران هەڵە نەبوە ، بەڵام لێرەدا ئەبێ ئەوەیش بڵێم کەوا کاکەی فەللاح ، چونکە مەسلەحەتی خۆی تیا بووە ، لەم هەڵە راستکردنەوەیەدا پشتی بە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا بەستووە . . ئەی باشە بۆ لە (چاورەشی)و (گەشی)یەکەدا کە کەمێك پێشتر باسمان‌کرد ، راستکردنەوەکەی مامۆستای بە هیچ نەزانی ؟

لەبارەی بەیتی :

**بەردەرگەکەتان قیبلەیی رووی ئەهلی نیازە**
**ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە**

(ب ٢ ، ل ٣٢)یشەوە ، ئەڵێ : (دەرگەکەتان) ، (دەرکەکەتان)ە ، چونکە ناسکترو مۆسیقاوی‌ترە» .

منیش ئەڵێم : بەڵگەی‌وا ئەوەی پێ ئیسپات ناکرێ کە (بەردەرگەکەتان) هەڵەیەو (بەردەرکەکەتان) راستە ، چونکە

ئەگەر بیشیسەلمێنین کە (بەردەرکەکەتان) ناسکترو مۆسیقاویتر بێ ، کە نایشیسەلمێنین ، هیچ ناچارییەك لەئارادا نییە کە مامۆستا گۆران ئەو ناسکترو مۆسیقاویترەی وتبێ . کاکەی فەللاح ئەیتوانی بڵێ : ئەبوو مامۆستا وا بڵێو وا نەڵێ ، نەك بڵێ : وای وتووەو وای نەوتووە .

ئەم پارچە شیعرەی مامۆستا گۆران لە شیعری سەردەمی هەڵەبجەیەتی . خەڵکی هەڵەبجەو دەوروبەریشی (بەردەرگا) ئەڵێن ، (بەردەرك) ناڵێن . لە (بەهەشتو یادگار)ە لەچاپدراوەکەی سەردەمی گۆران خۆیشیدا (بەردەرگەکەتان) نووسراوە ، کەواتە هەر (بەردەرگەکەتان) ڕاستە .

ئەنجا نازانم بۆ ئەبێ (بەردەرکەکەتان) لە (بەردەرگەکەتان) ناسکترو مۆسیقاویتر بێ ، کاکەی فەللاح هیچ بەڵگەیەکی دەنگناسیو مۆسیقاییی لەم مەیدانەدا پیشان‌نەداوە .

لەبارەی بەیتی :

**حەسرەتکەشی ئەو شانو ملوگەردنە ڕوونەم**
**وەختە بمرم بۆ نەفەسی بۆنی توالێت**

(ب ٢ ، ل ٣٦)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (نەفەسی) ، (نەفەسێ)یە چونکە ماناکەی چڕترو تامەزرۆیاویترە» .

منیش ئەڵێم : وانییە ، چونکە گۆران مەبەستی ئەوەیە بڵێ وەختە بمرم بۆ بەلووتاچوونو هەڵمژینی بۆنی عەتری سەرو قژی یار . بەڵام نازانم کاکە چۆن لە مەعنای وشەی (توالێت) حاڵیبووە وا شەرمیکردووە بینووسێو شوێنەکەی بە چوار نوختە پڕکردووەتەوە ؟

لەبارەی وشەی (تۆ بێ)یەوە لەبەیتی :

**تۆ بێ زەردەخەنەی چاوت**
**لێوی بەعاستەم تۆراوت**

و چوار بەیتی پاشەوەیدا (ب ٣–٧ ، ل ٤٠)یشەوە ، ئەڵێ : « هەموو (تۆ بێ)یەکان (تووبێ)ن ، واتە : شاعیر یار سوێند ئەدا بەو جوانییانەی کە باسیکردوون . (تۆ بێ) مانای بەیتەکان ئەشێوێنێتو تێك‌ئەدات» .

منیش ئەڵێم : (تۆ بێ)و (توو بێ) هەردوو هەر یەك شتنو یەك مەعنا ئەگەیەننو ، بە هەردوکیان سوێنددانەکە دێتەدیو . جیاوازییان تەنها لەوەدایە کە لە هەندێ ناوچە (تۆ بێ)و لەهەندێ ناوچەیتر (توو بێ) ئەڵێنو ، هیچ مەعنا شێواندنو تێکدانێ لەئارادا نییەو ، بریا کاکە بیوتایە ئەمەی لە چی وەرگرتووە ؟ لە هەڵەبجەی زێدو ژینگەی قۆناغی یەکەمی ژیانی گۆران (تۆ بێ) ئەڵێنو ، پارچە شیعرەکەیش لە شیعرە کۆنەکانی گۆرانە . وادیارە کاکە بەگوێرەی دیالێکتی ناوخۆی سولەیمانی مامەڵە لەگەڵ شیعری گۆران ئەکا ، بەڵام هیچ مەرج نییە گۆران هەرچیی وتبێ دەق لەگەڵ دیالێکتی ناوخۆی سولەیمانی بگونجێ . کەواتە وشەکە (تۆ بێ)یەو (توو بێ) نییە ، هەرچەند دانیشتووانی ئەو ناوچانەی (توو بێ) ئەڵێن ئەتوانن وایبخوێننەوە .

لەبارەی بەیتی :

**گا ماچم ئەکرد لێوی قوتوو و چاوو برۆی مەست**
**چەند ساڵێ وەها ئولفەتی تۆم بووبوو بە عادەت**

(ب ٤ ، ل ٤١)یشەوە ، ئەڵێ : «لەنگە . وشەی (قوتوو) نییەو (قوت)ە ، واتە : کوڵ» .

منیش ئەڵێم : لەبارەی لەنگییەوە هیچ لەنگییەك لەئارادا نییە ، بەڵام ڕاستە ئەبێ (قوتو) بێ واتە وشەی (قوت)و (و)ی عەتف . لە ئەدەبیاتا (دەم) بە (قوتوو) شوبهێنراوە نەك (لێو) . هەڵەکەی منیش لەوەوە هاتووە کە مامۆستا گۆران لە چاپەکەی سەردەمی خۆیدا (و)ی عەتفەکەی نووساندووە بە وشەی (قوت)ەوەو نووسیویە (قوتو) ، وەك لە زۆر شوێنیتریشدا (و)ی عەتف ئەنووسێنێ بە وشەی پێشەوەیەوە .

لەبارەی بەیتی :

**تـــــەلی عـوودو کـــــەمـــــانم بس ، کونی شمشـــــاڵم**
**بـــــــــەسرابو وەك گرێ دڵو زمـــــــانی لاڵم**

(ب ٧ ، ل ٤٢)یشەوە ، لەسەر پەراوێزی بەیتەکەی ، کە نووسراوە : (پس) لە پسانەوە ، (بەمەعنا) پچڕانو خاوبوونەوە

**هاتووه» ، نوسیوه ، ئەڵێ : «وشەی (پس) ، کە لە پەراوێزی (٣) دا مانای لێکدراوەتەوە ، لە پسانەوە ، پچڕان ، خاوبوونەوەوە نەهاتووە . ئەڵێن : فلان زمانی پسە ، واتە (س) بە (ث) ئەڵێتو (ز)یش بە (ذ)» .**

منیش ئەڵێم : **ئەم پەراوێزە هی ماموستا گۆران خۆیەتیو لە چاپی یەکەمی (بەهەشتو یادگار)ەکەی سەردەمی خۆی** وەرگیراوەو ، **منیش لە سەرەتای دیوانەکەدا ڕوونم کردووەتەوە ئەو پەراوێزانەی هی ماموستا خۆیی ناوی کەسیان لە داوێنەوە** نەنووسراوەو ، پەراوێزەکانی من بە (م.م.ك) ئیمزا کراون . جارێکی‌کەیش برادەرێکی‌تر ، هەر لە گۆڤاری (بەیان)دا ، ڕەخنەی لەسەر یەکێ لەم‌جۆرە پەراوێزانە لێ گرتبووم ، چونکە هەر ویستبووی ڕەخنە لە من بگرێ ، لەوە وردنەبووبووەوە کە پەراوێزەکە هی ماموستا گۆران خۆیەتی . بە هەرحاڵ لەگەڵ ئەوەیش کە (پس) بەو مەعنایەیش هەیە کە کاکەی فەللاح باسی‌کردووە ، ئەوە ڕێ لەوە ناگرێ کە ئەم مەعنایەیش بدا بەدەستەوە کە ماموستا گۆران مەبەستیەتیو ، هەرچۆن بێ کوردی‌یەکەی ماموستا گۆران لە زمانی منیشو کاکەی فەللاحیش سەدجار ڕەسەنترەو ، ئەگەر ئەمڕۆ هەر گەجەرو گوجەرێك بگری بۆ خۆی خۆی‌کردەوە بە پسپۆری زمانەوانیو وشەی نابارو ناپەسەندو ناکوردی بۆ زمانی کوردی دائەتاشیو بەزۆریش بەسەر بنووسو خوێندەوارانیا ئەسەپێنیو کەسیش دەرفەتی نی‌یە بەگوێی نەکاو ملی بۆ نەنەوێنێ ، ماموستا گۆران هەزار کەرەت زیاتر هەق هەیە لە چاوگی (پسان) – نەك (پسانەوە) – وشەی (پس) بەمەعنای پچڕاوو خاوبووەوە بەکاربێنێ .

لەبارەی بەیتی :

**نە لەرزینی چینی سەر ڕووی گۆماوی‌شینم**
**نە بریقەی دووری چەمی پاش زۆر بارینم**

(ب ٢ ، ل ٤٣)یشەوە ، ئەڵێ : « پێم‌وایە (دووری) نی‌یەو (دووڕڕی) بێ ، واتە پاش ئەوەی بارانێکی زۆر دەبارێتو چەم هەڵدەستێت ، دوای نیشتنەوەی ، بەردە شۆراوەکانی کەنار چەم وەك (دوڕ) بریقەیان هەیە» .

منیش ئەڵێم : پێشەکی شادمانیی خۆم لەوە دەرئەبڕم کە کاکە لێرەدا ئەوەندەی تەوازوع پیشان‌داوە نووسیویە «پێم وایە» و نەینووسیوە «دڵنیام» ، چونکە زۆر جوانە مرۆ ئەوەندە لە خۆی ڕازی نەبێو چەردەیەکیشی بۆ خەڵکی‌تر تیا بیلێتەوە ، لەبەرئەوە کە لە هەموو حاڵێکا ڕێی‌تێ‌ئەچێ خۆی بەهەڵەدا چووبێو بەرانبەرەکەی باشی بۆچووبێ . ئەنجا ئەڵێم هەر (دووری)یە ، چونکە (دوڕ) لە چەمدا نی‌یە لە دەریادا هەیەو ، لە بنی دەریایشەوە دەرناکەوێو ، هیچ پێوەندێکیشی بە بارینەوە نی‌یە ، چ کەم‌و چ زۆر . هەر چەمی پاش بارینی زۆرە کە دنیا ئەنیشێتە سەر ئاو ، لەدوورەوە ئەبریسکێتەوە ، نەخوازەلا ئەگەر سایەقەیشی کردبێتەوەو تیشکی خۆر بدا لە ڕووی ئاوەکە .

لەبارەی بەیتی :

**سەرچاوەکەی عومری جوانیم هاتۆتەوە قوڵ**
**باغچەی ژینم پڕبۆتەوە لە نەمامی گوڵ**

(ب ٤ ، ل ٤٤)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (باغچەی) بە (باخچەی) ئاسانترو مۆسیقاوی‌ترە لەسەر زمان ، خۆزگە هەموو ئەم وشانە بە (خ) بوونایە . هەروەها هەموو وشەکانی (تیژگی) کە قورسو نالەبار دێن بە دەستی زمانو خوێندنەوەوە ، (تیشکی) بوونایە کە وشەیەکی ئیسك‌سووکی شیعرانەیە» .

منیش ئەڵێم : منیش لەبارەی (باغچە)و (باخچە) وە هەروا ئەڵێم (سەد خۆزگە) ، بەڵام مەسەلە مەسەلەی (خۆزگە)و خۆزگەکاری نی‌یە ، مەسەلە مەسەلەی زمانی ئەو سەردەمو شوێنەیە کە شاعیر شیعرەکەی تیا وتووە . ئەم پارچە شیعرەی گۆران لە شیعری قۆناغە پێشینەکانیەتی کە هێشتا بەتەواوی خۆی لە داوی چاو لێکەریی قوتابخانەی کۆن ڕزگار نەکردبوو و لە هەڵەبجە ئەژیا . گۆران خۆی لە سەرەتای (بەهەشتو یادگار)ا باسی ئەوەی کردووە کە لەوانەیە ئێستا

(واتە کاتی چاپکردنی کتێبەکە) لە زۆر شتی ناو شیعری زووی بێزار بێ ، بەڵام بۆ سوودی ئەوانەی شوێنپێی گەشەکردنی زمانو ئەدەبی کورد هەڵئەگرن ، ڕێگای بە خۆی نەدا دەسکاریی هیچ شیعرێکی بکا . بەڵام بەشبەحاڵی (تیژگی) ئەوە مەسەلەکە شێوەیەکی‌تر وەرئەگرێ . لە کوردیدا وەك (تیشك) هەیە ، (تیژگ)یش هەیەو لەوانەیە ڕەسەنتریش بێ ، چونکە چاوگی وشەکە (تیژ)ە . هەرچۆنبێ ناوچەی هەڵەبجە (تیژگ)ی تیا باوەو ، ئەوەی لەو ناوچەیەدا لە زمانی دەوروبەرەکەی خۆی لانەدا هەر (تیژگ) ئەڵێو ، مامۆستا گۆرانیش لە هەڵەبجە هاتووەتە دنیاوەو هەر لەوێیش پەروەردە بووەو بووە بە شاعیر.

لەبارەی بەیتی :

**بۆی نـــەشکـــانووم تـویـــنـــیـــەتی‌و ئـــارەزووی دڵ**
**هـــــەر گەڕاوە مـــــەلی ئـــــارەزووم چلاوچـــــــڵ**

(ب ٢ ، ل ٤٨)یشەوە ئەڵێ : «وشەی (توینیەتی) ، (تینووێتی)یە کە ڕەوانو سوارە» .

منیش ئەڵێم : بەیتەکانی ئەم پارچە شیعرە (١١) برگەیین . لێرەیشدا بۆ ڕاگرتنی ژمارەی برگەکان ئەبێ (توینیەتی) بێ . ئەگەر بکرێ بە (تینووێتی) ، ژمارەی برگەکان لە نیوەبەیتەکەدا ئەبێ بە (١٢) . لە (بەهەشتو یادگار)ەکەی چاپی سەردەمی گۆران خۆیشیا هەر (توینیەتی) نووسراوە . لاموایە ئەبوو کاکە ، وەك شاعیرێك ، ئەمە لە من زۆر چاکتر بزانێ .

لەبارەی بەیتی :

**هەر سەرگەردان ، هەر ئاوارە ، هەر برسی . .**
**(بۆچی ؟) باشە ، پێت‌بڵێم با ، ئەپرسی :**

(ب ٧ ، ل ٤٨)یشەوە ، ئەڵێ : «بەیتێکی ئاڵۆزەو بەمچەشنەیە :

بۆچی ؟ باشە پێت‌بڵێم ، یا ئەپرسی»

منیش ئەڵێم : بەر لە هەرچی ئەوەی لە دیوانەکەدا نووسراوەتەوە ، بە نیشانەی پرسیارو وێرگولو دوونوختەوە لەو شوێنانەیاندا کە تیایاندا دانراون ، دەق ئەوەیە لە چاپی (بەهەشتو یادگار)ەکەی سەردەمی گۆران خۆیا لەچاپ دراوەو ، ئەمانە بە هەموویانەوە دەورێکی گەورە لە ڕوونکردنەوەی مەعنای بەیتەکەدا ئەبینن‌و ، بەتایبەتی دانانی ئەو دوو نوختە ستوونی‌یە لەپاش وشەی (ئەپرسی)یەوە بەڵگەیەکی ئاشکرای ڕاستیی تێکستی دیوانەکەو هەڵەیی بۆچوونەکەی کاکەی فەللاحە ، چونکە بەیتەکانی پاشەوە وەڵامی پرسیارەکە ڕوون‌ئەکەنەوە .

ئەنجا با بێینە سەر لێکۆڵینەوەی بۆچوونەکەی کاکە . بەگوێرەی بۆچوونەکەی کاکە ڕستەی (یا ئەپرسی) نەك هەر زیادەو شوێنی لە نیوەبەیتەکەدا نابێتەوە ، بەڵکو لەگەڵ مەعنای (باشە ، پێت‌بڵێم)ەکەیشدا ناکەوێتە یەك . گۆران کە وتی : پاش دیتن‌و چەشتنی ئەو هەموو جوانی‌یانەیش هێشتا هەر سەرگەردانو ئاوارەو برسیی جوانیی‌ترم‌و ، خۆیشی لەجیاتیی بەرانبەرەکەی پرسیی : بۆ؟ و پاشان وتی باشە پێت‌بڵێم (ئەیشبوو (پێت ئەڵێم) بوایە) ، ئیتر ئەبێ پێی‌بڵێ‌و (یا ئەپرسی)یەکە قسەیەکی بێ‌مەعنا ئەبێ ، چونکە ئەو کە خۆی لەجیاتیی بەرانبەرەکەی کرد بە پرسیارکەرو وتیشی باشە پێت‌بڵێم ، بەوە گفتی پێ‌وتنی پێ‌داو تازە گەڕانەوە بۆ (ئەپرسی)یەکی سەرلەنوێ کارێکی ناپەسەند ئەبێ . ئەنجا ئەو (یا)یە دەوری چی‌یە ؟ (یا) بۆ ئەوە دائەنرێ مرۆ یەکێ لە دوو شت هەڵبژێرێ کە لەوانە نەبن هەردوکیان پێکەوە کۆبکرێنەوە . دوو شتەکەیش لێرەدا پێ‌وتنی گۆرانو پرسینی بەرانبەرە . ئەم دوو شتەیش لەوانە نین پێکەوە کۆنەکرێنەوە ، کەواتە ئیتر (یا) بۆچی‌یە ؟ خۆ ئەگەر بیشڵێین مەبەستی گۆران ئەوەیە بڵێ من خۆم پێت‌بڵێم ، یا تۆ خۆت ئەپرسی بۆچی ؟ ئەوا لەوەڵاما ئەڵێین ئەمە قسەیەکی زۆر بێ‌تام‌و ناشاعیرانەو نامەنتیقی‌یەو تەنانەت بەتەواوی لە دابو ڕەوشتی گفتوگۆیشەوە دوورە ، چونکە وای‌لی‌دێتەوە : باشە ، خۆم پێت‌بڵێم بۆ وایە ، یا تۆ خۆت ئەپرسی بۆ؟ لە حاڵەتی پرسیاری وا بێ‌جێ‌و ناپەسەندا

ئەبێ بەرانبەر وەڵامێکی بداتەوە بڵێ : خۆت بۆم باس‌بکە بۆ ، یا من لێت ئەپرسم بۆ‌و لە هەردوو حاڵەکەدا وەڵامەکە هەر یەکەو پرسیارەکە بێ‌مەعنای لێ دەرئەچێ‌و ، لە هەموویش ناپەسەندتر ئەوەیە کە لە بەیتی پاشەوەدا شاعیر بێ چاوەڕوانی‌کردنی بەرانبەرەکەی لەخۆیەوە دەستی‌کردووە بە ڕوونکردنەوەی ڕازی (بۆچی)یەکە . ئیتر بەکورتی ئەم نیوە بەیتە ، بەوجۆرەی کە کاکەی فەللاح دایڕشتووەتەوە ، قسەیەکی ئەوەندە بێ‌تام‌و چێژە بە هیچ کلۆجێ پاساو نادرێ‌و ڕووی ئەوەی نی‌یە بێتە کۆری شیعرەوە . . کاکەی فەللاح ئەگەر هەر ئارەزووی لە دەسکاری کردنی شیعری خەڵکە ، با بەجۆرێ دەسکاریی بکا مەعنای تیا بێڵێتەوە ، بۆنموونە لێرەدا لەجیاتیی (یا) کە (گەر)ی دانایەو بیوتایە : «بۆچی ؟ باشە ، پێت‌بڵێم ، گەر ئەپرسی» ، مەعنایەکی نزیك لە مەعنای تێکستە ئەسڵی‌یەکەوەی ئەبەخشی بە نیوەبەیتەکە !

لەڕاستیدا تێکستی بەیتەکە بەوجۆرە کە گۆران خۆی وتوویە ، هیچ جۆرە ئاڵۆزی‌یەکی تیا نی‌یەو ، شاعیر کە وتی هەرگیز لە جوانی تێر نابم ، هات بە فەرزیش فەرزی‌کرد کە بەرانبەرەکەی ڕازی ئەو لە جوانی تێرنەبوونەی لێ ئەپرسی‌و ، لەبەرئەوە هات وتی : ئەپرسی : بۆچی وایە ؟ با پێت‌بڵێم : چونکە جوانی تەنها جوانیی سیما نی‌یە ، جوانیی دەروونیشە ، جوانیی دەرەوەو ناوەوەیەو ، منیش تائێستا ئەو جوانەم نەهاتووەتەڕێ کە لە هەردوو ڕووەوە جوان بێ ، لەبەرئەوە تا جوانێکی وام دێتەڕێ ، هەر عەوداڵم‌و هەر لەدووگەڕی جوانێکم خۆزگەی چاوو دڵ بێنێتەدی .

لەدواییشدا ئەڵێم : خۆزگە کاکەی فەللاحی برادەریشمان لەجیاتیی ئەو بەسووك‌و ئاسان بڕیاردانەی ئاڵۆزیی بەیتەکەو لەجیاتیی ئەو دەسکاری‌کردنەی بەئارەزووی خۆی ، چەند دێڕێکی بۆ باسکردنی بەڵگەی ئاڵۆزیی بەیتەکەو ڕاستیی دەسکاری‌یەکەی خۆی تەرخان کردایەو ، تەنها بە شێوەی فەرمان دەرکردن نەیوتایە وایەو وانی‌یە .

لەبارەی بەیتی :

**منیش چەشنی پەپوولەیەك گوڵ دابیێتە ناو**
**لە بەردەمما هەڵئەپەڕێ گا گورج‌و گا خاو**

(ب ۷ . ل ٥١)یشەوە ، ئەڵێ : «مانا ئاڵۆزو شێواوە . وشەی (دابیێتە) ، (دابێتیە)یە» .

منیش ئەڵێم : مانا نە ئاڵۆزو نە شێواوەو ، ئەگەر ڕاستە ئاڵۆزو شێواوە ، ئەی چارەسەری چۆن ئەکرێ ؟ بۆ هیچی باس‌نەکردووە ؟ خۆ ئەگەر ئاڵۆزی‌و شێوانەکە خەتای (دابیێتە) بێ‌و بە کردنی بە (دابێتیە) هەمووشتێ ڕاست‌بیێتەوە ، ئەوا ئەڵێم (دابیێتە)و (دابێتیە) هەر یەك مەعنایان هەیەو ، لە هەردوکیانا فیعلەکە هەر (دا – دابێتی)یەو ، جیاوازی‌یان تەنها شوێنی (ی)ی ضەمیری مەفعولە . وشەکە بە هەردوو جۆر بەکاردێ . مامۆستا گۆرانیش بۆیە لێرەدا (دابیێتە)ی وتووەو (دابێتیە)ی نەوتووە ، چونکە ئەو چوارینانەی لەم پارچە شیعرەدا (شوان) ئەیانڵێ هەموو (۱۳) بڕگەیین‌و ، ئەگەر (دابێتیە)ی بووتایە لەوانەبوو لە خوێندنەوەدا ببێ بە (دا – بێ – تی – یە)و ببوایە بە (٤) بڕگەو نیوەبەیتەکەی بکردایە بە (١٤) بڕگەیی . شایانی وتنە ئەمە کە لە (بەهەشت‌و یادگار)ەکەی چاپی سەردەمی گۆران خۆیشیا هەر (دابیێتە)یەو ، تەنانەت بەم‌جۆرەیش نووسراوە (دای‌بێتە) کە هیچ گومانێك لەوەدا ناهێڵێتەوە (دابیێتە)یەو (دابێتیە) نی‌یە .

لەبارەی وشەی (نمی)یەوە لە دووەمی ئەم دوو بەیتەدا :

**ئاغای خاوەن هێزو شکۆ ، خاوەن سامداری**
**لەکاتێکا درێژ ئەکا دەستی دڵداری**
**بۆ گەردنی گوڵەکێویی لە جێ هەڵکەنراو**
**نمی فرمێسك بەدی ئەکا لەسەر کلی چاو**

(ب ۱ ، ل ٥٨)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (نمی) ، نمێ)یە» .

منیش ئەڵێم : وانی‌یە ، چونکە (نم) (دڵۆپ) نی‌یە (شێ)یە ، لەسەر کلی چاویش شێ بەدی‌ئەکرێ ، دڵۆپی فرمێسك بەدی‌ناکرێ ، (شێ)یش یەك‌و دووی بۆ

بەکارناهێنرێ . زیاد لەمە بەیتی پاشەوەیش کە ئەڵێ :

مووچرکەیەك بە سەرتاپای لەشیا ئەگەرێ
ئاگادارە فرمێسکی سۆز ، دێتە خوار بۆ کێ ؟ . .

بەئاشکرا دەرئەخا کە فرمێسك دڵۆپو دوو دڵۆپ نەبوە ، ئەوەندە زۆر بووە کلەی چاویشی شێدار کردووەو دڵۆپ دڵۆپیش بەسەر گۆنای کچەدا هاتووەتە خوار . .

لەبارەی بەیتی :

**کڵلكو یاڵی چەن چارەوێی قەل کرد بە خەنجەر**
**بەسەر ڕانی ئاغایا داو مەڕی دایە بەر**

(ب ٥ ، ل ٥٩)یشەوە ئەڵێ : «وشەی (قەل) نی یەو (قل)ەکە بۆ بڕین بەکاردێت» .

**منیش ئەڵێم** : (قەل) ڕاستە نەك (قل)و هەر ئەو (قەل)ەیشە لە هەندێ لا بە (کەل)ی بەکاردێنن . لە (فرمێسكو هونەر)ەکەی چاپی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیشیا هەر (قەل)ە .

لەبارەی بەیتی :

**ئیستە خەڵکی عافیەتیش باری بەدەئەنە**
**هەر دەردە ئەدا پاچی لە بونیانی خەرابم**

(ب ٥ ، ل ٦٧)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (پاچی) ، (پاچێ)یەو ، (بونیانی)ش (بونیاتی)یە» .

**منیش ئەڵێم** : بەش بەحاڵی (پاچی)و (پاچێ) کەسیان لە ڕێگای لێکدانەوەی مەعناوە نەبێ بەڵگەیەکیان بۆ بووچوونەکەمان بەدەستەوە نی یە . من لاموایە (پاچی)یەو نیوەبەیتەکە واتە : هەر دەردەو هاتووەو بەربووەتە خانووی تەنی بەدەردوداو وێرانەمو خەریکە بە پاچ لەبنی دێنێ ، نەك هەر دەردێ دێو پاچێکی لێ ئەداو ئەڕوا . بەش بەحاڵی (بونیانی)و (بونیاتی)یش لە (فرمێسكو هونەر)ەکەی چاپی سەردەمی مامۆستا خۆیا (بنیانی) نووسراوە . لە کوردیدا (بونیات) نی یە ، (بنیات) هەیە کە لەگەڵ (بونیاد) لە یەك ڕیشەوە هاتوونو ، بەمەعنای بناخەی خانوو بەکاردێ نەك تێکڕای خانووەکە کە لە بەیتەکەی گۆراندا ئەوە مەبەستە .

لەبارەی بەیتی :

**هۆن هۆن فرمێسکم برژێتە داوێن**
**فرمێسکی تاسەر جەرگو دڵ تاوێن .**

(ب ١ ، ل ٩)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (تاسەر) نی یەو (تاسەو)ە ، ئەگینا بۆچی ئەو فرمێسکە (تاسەر جەرگو دڵ) ئەتاوێنێتەوەو واز لەوانی تر دێنێت ؟ بەیتەکە بەمشێوەیە :

فرمێسکی تاسەو ، جەرگو دڵ تاوێن

واتە : فرمێسکی شەوقو سۆزو جەرگو دڵ توێنەرەوە . مەعنای بەیتەکە بەمڕەنگە بەپێزتر ئەبێت» .

منیش پێشەکی ئەڵێم : سەد حەیفو سەد مخابن کەوا مامۆستا گۆران بۆی نەلوا دوای (فرمێسكو هونەر)یش کۆمەڵە شیعرێکی تر بڵاوبکاتەوە تا ئەگەر هەڵەیەکیش کەوتبێتە ئەم ، تیا ڕاست بکاتەوە ، وەك هەڵەکانی (بەهەشتو یادگار)ی لە (فرمێسكو هونەر)ا ڕاست کردەوە . ئەگەر ئەوە بووایە ، وەك چۆن گەلێ لە بەناو «ڕاستکردنەوە»کانی کاکەی فەلاحم بۆ شیعرەکانی (بەهەشتو یادگار) بە هەڵە دەرکردو بەڵگەیشم مامۆستا گۆران خۆی بوو ، هەندێکی تریشم لە بەناو «ڕاستکردنەوە»کانی (فرمێسكو هونەر)یش هەرواو هەر بە پشتیوانیی مامۆستا گۆران خۆی بە هەڵە دەرئەکرد .

ئەنجا دێمەسەر (تاسەر)و (تاسەو)ەکەو ئەڵێم : سەرەڕای ئەوە کە لە (فرمێسكو هونەر)ەکەدا (تاسەر) نووسراوە ، لاموایە ڕاستی یەکەیشی هەر وایە ، چونکە ئەگەر (تاسەو) بێ ئەبێ (جەرگو دڵ) عەتف بنە سەریو (تاوێن)ەکە بەسەر هەمووییانا بچێتەوە ، واتە : تاسەیشو جەرگو دڵیش بتوێنێتەوە .

کەواتە ئەبێ بە یەکەم کوڵی گریان تاسەی دیداری کۆستە کەوتووەکە بتوێتەوەو ئیتر باسی لەئارادا نەمێنێ ، فرمێسکی وایش بێ گومان شتێکی چاکە ، چونکە یادی مردووەکە لەبیرئەباتەوە ، بەڵام ئەمە ئاواتی کەسێ نی یە کە

ئازیزێکی زۆر ئازیزی مردبێ کە لەمشوێنەدا منالێکی خۆشەویستی مامۆستا گۆرانە . بۆ گەیاندنی ئەو مەعنایە کە کاکەی فەللاح بە بۆچوونی خۆی بۆ بەیتەکەی داناوە ، ئەبوو بووترایە «فرمێسکی تاسەی ، جەرگ‌و دڵ تاوێن» .

کاکەی فەللاح لە مەعنای (تاسەر) نەگەیشتووە ، بۆیە ئەو رەخنەیەی گرتووە کە ئەڵێ : «ئەگینا بۆچی ئەو فرمێسکە (تاسەر جەرگ‌و دڵ ئەتاوێنێتەوە)و واز لەوانی‌تر دێنێت» . مەبەست لەم (تاسەر)ە (سەرانسەر)ە ، واتە جەرگ‌و دڵ بەتەواوی ئەتوێنێتەوە ، ئیتر ئەوە بەخەیالا نەهاتووە کە سی‌و قورقوراچکەو دەم‌وچاوو لووت‌و گوێ‌یش تا سەر بتوێنێتەوە ! لەم مەیدانی سۆز دەربڕینەدا تەنها (جەرگ سووتان)و (جەرگ‌و دڵ توانەوە) وتراوەو ، کەس لەوەی تێ‌نەپەڕاندووەو ، بەڵکو لەبنەڕەتیشا بۆ گەیاندنی مەعنا حەرفی‌یەکەی ناوترێ‌و تەنها مەعنای زیادەڕەوی‌یەك لە سۆز دەبڕینا ئەگەیەنێ .

لەبارەی بەیتی :

**چ داوێکــــە چ ئــــیــــنســــافــــێکــــە ، زاڵم**
**جــەهــەنــنــەم تــاو ئــەدەی ئــەیــکــەی بــەحــاڵم**

(ب ٣ ، ل ٩٨)یشەوە ، ئەڵێ : « وشەی (داوێکە) هەر زۆر بە بەیت‌و مەبەستی شاعیر نامۆیە .

ئەم وشەیە (دادێکە ؟)یە . بەم‌شێوەیە ڕاست‌دەبێتەوە ، ئەگینا (داو) هیچ پەیوەندی‌یەکی بە مەسەلەکەوە نی‌یە» .

منیش ئەڵێم : ڕاستە ئەبێ وابێ‌و ، لە (فرمێسك‌و هونەر)ەکەدا بەهەڵە نووسراوە (چ‌داوێکە) .

لەبارەی بەیتی :

**یاکام دەریازۆر قووڵە**
**بنی ، بیخەمە جووڵە**

(ب ٤ ، ل ١٠٧)یشەوە ، ئەڵێ : «پێم‌وایە بەم‌شێوەیە سوارترو ڕەوانترە :
بنی بخەمە جووڵە» .

منیش ئەڵێم : هەر (بیخەمە)یەو ، بەپێی گراماتیکای زمان‌و مەعنای بەیتەکەیش هەر ئەبێ وابێ . (بنی) مەفعوولی (بیخەمە) نی‌یە تا بڵێین ئەبێ (بخەمە) بێ ، (موبتەدا)ی دواکەوتووەو (قووڵە) خەبەریەتی‌و لێی پێش‌کەوتووە . گۆران لەم‌بەیتەدا ئەڵێ : کام دەریا بنی قووڵەو لە هەموو دەریایەك مەنگترە ، بیخەمە جووڵەو بیهەژێنم ، نەك : کام دەریا قووڵە ، بنەکەی بخەمە جووڵە . لە (فرمێسك‌و هونەر)ەکەیشدا هەر بەم‌جۆرەیە کە لە دیوانەکەدا نووسراوەو ، تەنانەت وێرگولە زۆر پێویست‌و مەعنا ڕوونکەرەوەکەیش مامۆستا گۆران خۆی دایناوە .

لەبارەی بەیتی :

**کۆمــــەڵە شاخــــێك سەخت‌و گەردنــــکــــەش**
**ئــــــاسمانی شنی گرتۆتــــــە بــــــاوەش**

(ب ١ ، ل ١٢٧)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (شنی) ، (شینی)یەو لە هەڵەی چاپ ئەچێت» .

منیش ئەڵێم : باوەڕناکەم کەسێ هەبێ نەزانێ هەڵەی چاپەو ڕاستەکەی (شینی)یە ، بەڵام نازانم کاکە بۆ ئەڵێ : «لە هەڵەی چاپ ئەچێت»و دڵنیا نی‌یە کە هەڵەی چاپە ؟ تۆبڵێی ئەوەندە شارەزای من نەبێ بزانێ (شینی)م لێ نابێ بە (شنی) ،یان نایەوێ تەنانەت دانم بەوەندەیشدا بۆ بنێ ؟ ! سەیرە !

لەبارەی بەیتی :

**ئــــەم کۆمــــەڵانــــە تــــیــــایــــەتی ، جــــار جــــار**
**جــوانــــــــێکی لاوی کۆڵەوانــــــــە لار**

(ب ٣ ، ل ١٣٨)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (لاوی) ، لادێ‌ی) وا ماناو مەبەست ڕاست دەبێتەوە» .

منیش ئەڵێم : لەوانەیە هەر (لاوی) بێ ، چونکە ئەوانەی گۆران باسیان ئەکا هەموو لادێ‌یین ئەچن بۆ شار بۆ مامەڵەو فرۆشتنی کەل‌وپەلی لادێ‌و کڕینی پێویستی‌یان لە شار .

ئەمانەیش تێکرا پیاوو ژنی قەدرەن‌و لەوانەن لە رێی ئەوەدا نەبن نە هاتوچۆیاندا تووشی شتێکی‌وا ببن بیێ بە مای شوورەیی بۆ خۆیان‌و کەس‌وکاریان ، لەبەرئەوە کەم‌جار رێ‌ئەکەوێ کچی گەنج‌و جوانیان تیابێ . کەواتە زیادەیە گۆران بڵێ (جوانێکی لادێ) چونکە کەسیان شاری نین ، بەڵکو ئەبێ بڵێ جاروبار کچی تازە پێگەیشتووی جوانیشیان تیا ئەبێ .

بەڵام شتێکی‌تر هەیە بۆچوونەکەی کاکەی فەللاح بەهێز ئەکا ، ئەو خۆی هەستی پێ نەکردووە تا بیکا بە بەڵگەو پشتی پێ ببەستێ . وا من باسی‌ئەکەم تا ئەوە پیشان‌بدەم بنیادەم چۆن بەدوای بەڵگەی بەهێزا بگەرێ بۆ بیروڕای خۆی‌و ، بە مەبەستی ساغکردنەوەی شیعری گۆران‌و هەڵە لێ‌دوورخستنەوەی . ئەوەیش یەکەم ئەوەیە لە چاپەکەی (فرمێسک‌و هونەر)ی سەردەمی گۆرانا (لاوی‌ی) نووسراوە کە لەبەرئەوەی ئەگەر راست‌بێ (لاوی) بێ دوو (ی)ی ناوێ ، بوونی دوو (ی) ئەو بۆچوونەی پێ بەهێز ئەبێ کە (و)ەکە (د) بووبێ‌و بەهەڵە بووبێ بە (و) ، واتە وشەکە (لادێی = لادێی) بێ . دووەمیش ئەوەیە کە هەر لەو برگە شیعرەدا ، هەر پاش دوو بەیت ئەڵێ :

ئەی جوانی لادێ ! بە سەرنج‌و سڵ
لێت ورووژاندووم خـــــەیاڵاتی دڵ

کە ئەمە وائەگەیەنێ وشەی پێشوویش هەر (لادێ) بووبێ‌و بەهەڵە گۆڕابێ . لەبەر ئەم بەڵگەیە لەگەڵ بۆچوونەکەی کاکەم‌و (لاوی) بەهەڵە دائەنێم .

لەبارەی بەیتی :

**بۆ قوازتنەوەی تا ئەکەوتە کـــــار**
**زۆر دار لێـی ئەفران یەکەم پەلامار**

(ب ٣ ، ل ١٤٠)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (قوازتنەوەی)نی‌یەو (قۆزتنەوەی)ە» . هەروەها ئەڵێ : «وشەی (یەکەم) ، (بە کەم)ە ، واتە : زۆردار بە پەلامارێکی کەم لە (بێ‌زۆر)ەکەی ئەسەند ، ئەوەندە بێ‌دەسەڵات بوو» .

منیش ئەڵێم : بەش‌بەحاڵی (قواستنەوە) هەر (گواستنەوە) عادەتی‌یەکەیە ، ئیستا کەمێك تایبەتێتی دراوە بە مەعناکەی . هەر لەم سیغەیە (خواستن)یش هەیە . کەواتە بوونی ئەو (ا)ە پێچەوانەی رێبازی زمانی کوردی نی‌یە . لە (فرمێسك‌و هونەر)ەکەیشدا هەر (قواستنەوەی) نووسراوە . بەش‌بەحاڵی (یەکەم)و (بە کەم)یش ، هەرچەند لە چاپی سەردەمی گۆرانی (فرمێسك‌و هونەر)ەکەدا دوو نوختەکە زیاتر بە یەك نوختە ئەخوێنرێتەوە ، من هەر لام‌وایە (یەکەم) بێ ، چونکە (بە کەم پەلامار) نیمچە رستەیەکی ناتەواوە ، ئەبێ (بە پەلامارێکی کەم) یا هەر هیچ نەبێ (بە کەم پەلاماری) بێ ، بەڵام (یەکەم پەلامار) هیچ ناتەواوی‌یەکی تیا نی‌یەو مەعناکەیشی ئاشکرایەو ئەڵێ : زۆردار هەر لە یەکەم پەلامارا لە بێ‌دەسەڵاتی ئەسەند ، چونکە ئەم هیچی پێ نەئەکرا بەرانبەری .

لەبارەی بەیتی :

**نەختێك رۆیشتن نەما جێگای غار**
**چەشنی مێروولە کشا رێچکەی سوار**

(ب ٧ ، ل ١٥٠)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (رۆیشتن) ، (رۆیشتین)ە ، چونکە شاعیر خۆیشی لەگەڵیاندایە» .

منیش ئەڵێم : وانی‌یە . گۆران لەم‌بەیتەدا باسی رمبازی‌کەرەکان ئەکا کە غارغارێنیان کردووە ، باسی هەموو رێبوارەکان ناکا کە دیارە تێکەڵ بوون لە سوارو لە پیادە ، هەرچەند خۆیشی‌و هاورێ گەشتکەرەکانیشی سوار بووبن ، چونکە ئاشکرایە ئەوان ، وەك کۆمەڵێ میوانی شاری لە مووچەخۆرانی دەوڵەت ، لەو رمبازی‌یەدا بەشدار نەبوون ، لەبەرئەوە کە لە هەموان پاش‌ئەکەوتن‌و وەك سواری لادێی‌بێ پێشبرکەیان پێ نەئەکرا . بەیتەکانی پێش ئەم بەیتەیش نیشانەی راستێی ئەم لێکدانەوەن . لە (فرمێسك‌و هونەر)ەکەی چاپی سەردەمی گۆران خۆیشیا هەر (رۆیشتن) نووسراوە .

لەبارەی بەیتی :

**لێو لێك‌نێ ئیتر شایی تەواو بوو**

**هاوڕێت سەفەرین لەگەڵ شەبەق زوو**

(ب ٨ ، ل ١٥٤)یشەوە ، ئەڵێ : «ئاڵۆزو نەگونجاوە . (هاوڕێت) ، (هاوڕێی)ە» .

منیش ئەڵێم : ئەم بۆچوونەی کاکەی فەللاح نیشانەیەکی زەق حاڵی نەبوونە لە مەتڵەب . لە چەند بەیتێ پێش ئەم بەیتەوە گۆران قسە لەگەڵ خۆی ئەکاو ئەڵێ : ئیتر با بەسی‌بێ بەزمو ڕابواردن ، تۆ ماندووی ڕێی ، خەڵك هەموو نووستوون ، تەنانەت بووکو زاوایش لە بەزمورەزمی خۆیان بوونەتەوەو نووستوون ، ئاوایێ کرۆکپە ، دنیا کش‌وماتە ، هاوڕێکانت لەسەر سەفەرنو سبەینێ زوو لەگەڵ دەرکەوتنی سپیدەی بەرەبەیانا ئەکەونەرێ بەرەو شار ئەگەڕێنەوە ، ئیتر تۆ بۆ ناخەوی ! دە لێوێ لێك نێو چاوت بچێتە خەو . سەرەرای ئەمە لە (فرمێسکو هونەر)ەکەی چاپی سەردەمی گۆران خۆیشیا هەر (هاوڕێت) نووسراوە .

لەبارەی بەیتی :

**من مات، تۆ زیز ،**
**هەردوکمان جووت**

(ب ٧ ، ل ١٦٣)یشەوە ، ئەڵێ : «پێم‌وایە (هەردوو هاوجووت)ە» .

منیش ئەڵێم : بەچیدا پێت‌وایە ؟ ئەگەر تۆیش ئەپرسی : ئەی تۆ بەچیدا ئەڵێی ڕاستەکەی (هەردوکمان جووت)ە ؟ ئەڵێم : ئەم پارچە شیعرە لەوانەیە لەبەر دەسنووسی گۆران خۆی نووسراونەتەوەو لەوا بەم‌جۆرە بووکە لێرەدا نووسراوەتەوە ، جا ئەگەر تۆ لات پەسەند نی‌یە ، ڕووی دەمی ڕەخنەت بکەرە گۆران خۆی !

لەبارەی بەیتی :

**تاوێك نەغمەی مەل،تاوێك شنەی با**
**تا ئەودیو شاخی ئەندێـــشەم ئـــەبا**

(ب ٦ ، ل ١٦٧)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (ئەیا) ، ئەبا)یەو لە هەڵەی چاپ ئەچێت» .

منیش ئەڵێم : سوپاس بۆخوا کە کاکە بە ڕێ‌تێ‌چوونیش بێ ئیحتیماڵێکی ئەوەی هێشتووەتەوە کە هەڵەکە هەڵەی چاپ بێ‌و ، من ئەوەندە ناشی نەبم نەزانم (ئەیا) نی‌یەو (ئەبا)یە .

لەبارەی بەیتی :

**تاریکە شەوێ : نوقمی ڕەشی چیهرەیێ دنیا**
**دیلی تەمی ئەسرار بوو دەرو دەشتی حەقایق**

(ب ١ ، ل ١٧١)یشەوە ، ئەڵێ : « (شەوێ) ، (شەوی)یەو ماناکەی ئاودامانترە» .

منیش ئەڵێم : وا نی‌یە . ئەو دوو نوختە ستوونی‌یە کە گۆران خۆی لەدوای وشەی (تاریکەشەوێ)وە دایناوەو ، منیش لەڕووی دەسنووسی خۆی نووسیومەتەوە ، بەئاشکرا نیشانەی ئەوەیە کە (تاریکە شەوێ)یەو (تاریکە شەوی) نی‌یە . گۆران لەم بەیتەدا ئەڵێ : تاریکە شەوێ ، تاریکە شەوێکی چۆن ؟ تاریکە شەوێکی‌وا ڕووی دنیا هەموو نوقمی ڕەشیی تاریکایی بوو . . تاد . جا لە بەیتەکانی پاشەوەدا وەسپی شەوەکە زیاتر ڕوون ئەکاتەوە . ئەگەر (تاریکە شەوی) بێ قسەکە هەموو لەم‌بەیتەدا ئەبڕێتەوەو تابلۆکە زۆر ناشیرینو بابەتەکە زۆر ناتەواو دێتە بەرچاو . . من نازانم کاکەی فەللاح چ‌جوانی‌یەکی لەوەدا بەدی‌کردووە کە مەعنای ئەم بەیتە کە لەڕاستیدا تەنها وەك کلیلی دەرگای سەرانسەری پارچە شیعرەکە وایە ، بەم‌جۆرە لێك‌بداتەوە کە (تاریکە شەوی . .) ئەیگەیەنێ : دەرودەشتی حەقایق لە تاریکەشەوی نوقمی ڕەشیی چیهرەی دنیادا ، دیلی تەمی ئەسرار بوو .

لەبارەی بەیتی :

**تاوتاو لێ‌ئەدا تەپڵی هــمووم تەرزە بە ئاهەنگ ،**
**وەختێ کە ئەهات حەملەیێ با تونگو خورۆشان**

(ب ٨ ، ل ١٧١)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (هومووم) بێ‌جێ‌و نامۆیە بەم شوێنەو بە تەرزە ، لەبەرئەوە (هوجووم)ە کە هێرشی لێدانی تەپڵی تەرزەیە» .

منیش ئەڵێم : کاکە لێرەدا تۆڵەی هەڵەی پێشووی بە باشی

کردەوە . زۆر بەجیێیەو (هوجووم)ەو ، (هوموووم) نی‌یەو ، من خراپم خوێندووەتەوەو خراپم نووسیوەتەوە .

**لە چاوی تۆوە پرشنگیٚ ئەگاتە رۆحی بەدبەختم**
**ئەکا مەستی تەسەللی تا شەوی دوایی سەری سەختم**

(ب ٦ ، ل ١٧٣)یشەوە ، ئەڵێ : «(تەسەللی) ، (تەسەللا)یە» .

منیش ئەڵێم : لە دەسنووسەکەی مامۆستا گۆران خۆیشیا کە من لەرووم نووسیوەتەوە ، هەر (تەسەللی) نووسرابوو . ئەمەیش راستیی وشەکەیە بە عەرەبی‌و ، بە زمانی ئەدەبی کلاسیکی خۆیشیانو ، ئەم پارچە شیعرەیش لە ریزی شیعرە کلاسیکی‌یەکانی مامۆستادا دائەنریٚ .

لەبارەی بەیتی :

**لێوی تینووی کەل وەك دڵۆپ ئەیژیٚ**
**ئەی داخەکەم ، مەرگی نیشتن ئەیکوژیٚ !**

(ب ٢ ، ل ١٧٥)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (ئەیکوژیٚ) ، (ئەیکوژیٚ)یەو هەڵەی چاپە» .

منیش ئەڵێم : راستە ، وایە وەك کاکە نووسیویە .

لەبارەی بەیتی :

**لە بەرپێی نەمامی چوالەدا سەوزاو**
**لە روومەت تــــکاوە رژاوەتە ئاو**

(ب ٤ ، ل ١٧٩)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (سەوزاو) ، (سووراو)ە کە رەنگی گوڵی دارچوالەیە ، ئەگینا (سەوزاو) کوا هەیە ؟ بروانە شیعری ل ١٧٦ (ب ٤ - ٥ ، پارچە شیعری (دارچوالەی پشکوتوو) -م) :

ریزێك نەمامی دارچوالەی نازدار
کە ریٚك وەستابوون لەسەر گیای بەهار
وەك بووك ئەندامیان لە سووراو نابوو
لەنجەی تاوتاویان بۆ چپەی با بوو»

منیش ئەڵێم : ئەمەیە جاران لە حوجرەی فەقێدا پیٚیان‌ئەوت «قیاسی کەشك لە مەشك !» . کاکە لەم بۆچوونەیا زۆر بەهەڵەچووە . بەر لە هەرچی‌و سووك‌و ئاسان ، لەبەرئەوە کە ئەم پارچە شیعرەم ، وەك بەشی زۆری پارچە شیعرەکانی کۆمەڵەی سیٚهەم - سروشت‌و دەروون ، لە رووی دەسنووسی گۆران خۆی نووسیوەتەوە . کەوابوو ئیتر هیچ قسەی تیا نامیٚنیٚ‌و مەسەلەکە ئەبرێتەوە . لە رووی مەعنایشەوە لەبەرئەوە کە مەبەست لە (سەوزاو) ئاوی پاش‌بارانی لە بنی نەمامی دارچوالەی بە گەڵای سەوز داپۆشراودا وەستاوە ، کە پربووە ، نەك لە گوڵاڵەی سووری وەریوی دارچوالە کە بیکا بە سووراو ، بەڵکو لە گەڵای سەوزو هەڵاڵەی سەوزی هێشتا نەپشکوتووی بەگوڵ‌نەبووی وەریوە ناو ئاوی بنی نەمامەکە ، کە وەك سەوزاوی لیٚ‌کردووە . ئەم کاتەی گۆران قسەی لیٚ ئەکا ، وەك لەم دووبەیتەی پیٚش بەیتە مەبەستەکەیشمانەوە دەرئەکەویٚ کە ئەڵیٚ :

درەختی هەڵووژەی بەفر داپۆشیو
دار سیٚوی رازاوە بە پۆیلانەی زیو
هەڵاڵەی وەراندوون تەوژمی باران
وەك بووکی رووتکراو کەوتۆتە گریان

(ب ٢ - ٣ ، ل ١٧٩) ، کاتیٚك نی‌یە بەهار بەتەواوی هاتبی‌و دارو درەخت بە گوڵی رەنگاورەنگ رازابێتەوە ، سەرەتای بەهارەو ، بەڵکو هێشتا بەفریش ئەباریٚ‌و ، درەخت لە گەڵاو هەڵاڵەی نەپشکوتوو بەولاوەی پیٚوە نی‌یە ، بەڵام لەم دوو بەیتەدا کە کاکە کردوونی بە بەڵگە بۆ بووچوونەکەی (ریزێك نەمامی . .) ، بەهاریٚکی تەواوەو ، هەڵاڵە بەجاریٚ پشکوتووەو ، درەخت بە گوڵ رازاوەتەوە ، وەك ناوونیشانی پارچە شیعرەکەیش (دار چوالەی پشکووتوو) شایەتیان بۆ ئەدا . لێرەدا دار چوالە وەك نۆبووك ئەندامیان لە سووراوی گوڵی سووری باران چۆراوگە لیٚ‌بەستوو ، ناوەو ، جارجاریش لەو پەرەی گوڵانەوە وەریوەتە بنی ئاو . . سووراو لێرەدا بە درەختەکانەوەیە ، بەڵام لە بەیتە مەبەستەکەمانا سەوزاو ئاوی

سەر گیای سەوزو پڕ لە گەڵای سەوزو هەڵاڵەی سەوزی وەربوی دارچوالەیەو ، ئەم دوانە زۆر جیان لە یەك .

وردەکاری‌یەکیش لە دروستکردن‌و بەکارهێنانی وشەی (سەوزاو)ا هەیە بەداخەوە کاکەی فەللاح بیری بەلایا نەچوە . ئەویش ئەوەیە ئەوەی لە ڕوومەت ئەتکێ ئەبێ ڕەنگی ڕوومەتەکەی پێوەبێ . ڕوومەتی درەختیش کە هەر گەڵای پێوەبێ دیارە سەوزە ، کەواتە ئەوەی لێی ئەتکێ سەوزاوە . زیاد لەمەیش لە ئەدەبی کلاسیکانا کە باسی خولامی تازە گەنەتووك دەرکردوو ئەکرا ، ئەو گەنەتووکانەیان بە (خەتی سەبز) دائەنا . (خەت)ی یەکەی لەبەرئەوە کە لەسەر تەختی سپی ڕوو وەك خەتی ڕەش وایەو ، (سەبز)ی‌یەکەیشی لەبەرئەوە کە (ڕواوە)و ڕواویش سەوزە . جا چونکە گەڵای لە دار ڕواویش وەك مووی لە ڕووی یار ڕواو وایەو سەوزیشە ، ئەوەی لەوەوە داچۆڕێتە خوار بە (سەوزاو) وەسپ‌کراوە .

لەبارەی بەیتی :

**بە کۆمەڵ بگرن گوێ لە هاواری**
**کۆمەڵ جەلب ئەکا ڕیقفەتی باری**

(ب ٦ ، ل ١٨٨)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (هاوار) دەبوایە لە کەوانەدا بوایە ، چونکە ئاماژەیە بۆ گۆڤاری (هاوار) خۆی» .

منیش ئەڵێم : پێویست ناکا ، چونکە لە ناوونیشانی پارچە شیعرەکەدا نووسراوە : ئیلهامی «هاوار»و ، لە داوێنیشیەوە نووسراوە گۆڤاری «هاوار»و ، دووجاریش وشەی (هاوار) لە خودی پارچە شیعرەکەدا دووبارە بووەتەوە کە ئیشارەت بۆ گۆڤاری «هاوار» لە هەر دوانیانەوە دەرك ئەکرێ‌و ، (هاوار) لە هەرکام لەو دوانەدا دوو مەعنای هەیە یەکێکی نزیك کە (هاوارکردن)ەو یەکێکی دوور کە ناوی گۆڤارەکەیەو ، ئەبێ ئەوە جێ‌بهێڵرێ بۆ خوێندەوار کە نەختێ بیری خۆی بەکاربێنێ ، نەك لە هەموو شتێکا پەنجەی بگیرێ‌و بخرێتە سەر مەعنای مەتڵەب .

لەبارەی بەیتی :

**ئێستا - ئۆخەی ! - ئاسمانێکەو هەتاوێ**
**گیایەو ، گوڵەو ، مەلەو ، خورەی چەماوێ . . .**

(ب ٤ ، ل ١٩٤)یشەوە ، ئەڵێ : (هەتاوێ) ، (هەتاوی)یە ، واتە : ئاسمانێکی هەتاوی‌یە . . وشەی (چەماوێ) . . . (چەماوی)یە» .

منیش ئەڵێم : وانی‌یە ، چونکە (و)ی (ئاسمانێکەو) لێ‌ناگەڕێ . ئەگەر (و)ەکەیش لابەرین‌و (هەتاوێ) بەزۆر بکەین بە (هەتاوی) وەك کاکە ئەیەوێ ، ئەی ضەمیری (ێ)ی (چەماوێ) بۆکوێ بگێڕینەوە ؟ تۆزێ مێشك خستنەکار نیشانمان‌ئەدا کەوا وەك چۆن (ئاسمانێکە) (ێك)ی تەنکیرو وەحدەی تیایە ، (هەتاوێ)و (چەماوێ)یش هەر وان .

لەبارەی بەیتی :

**ئا ، سەیری دیمەنی وەها کاریـــگەر**
**کام ویجدان ناداتە بەر نووکی نەشتەر**

(ب ٦ ، ل ١٩٨)یشەوە ، ئەڵێ : «ئەو (ئا)یە بێ‌جێ‌یە . ئەسڵی ئەم بەیتە وایە :

توخوا دیمەنی وەها کاریگەر . .» .

منیش ئەڵێم : ئێستایش ئەو دەفتەرەم لە بەردەستایە کە لە ساڵی ١٩٥٧دا ، بۆ یەکەمجار ، لە کتێبخانەی هەموانی کەرکووك ، ئەو پارچە شیعرەم لە ڕووی کتێبێکی لەچاپدراوی ساڵانی چل ، کە بەداخەوە ئێستا ناوەکەیم لەیاد نی‌یە ، نووسی‌یەوە تیادا . لەوێیشدا هەر (ئا ، سەیری)یە کە بە وێرگولەکەی پاش (ئا)کەداو ، بە شارەزاییا لە شێوەی نوختەو وێرگول دانانی مامۆستا گۆران ئەزانم تەنانەت ئەو وێرگولەیش یەکەم‌جار ئەو خۆی دایناوە ، سەرەڕای ئەوە کە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەعبیرە میللی‌یانە لە خاسیەتەکانی زمانی شیعری گۆرانە .

ئەنجا نازانم کاکەی فەللاح پشت بە چ بەڵگەیەك ئەڵێ ئەبێ لەجیاتی (ئا ، سەیری) (توخوا) بێ‌و ، چ‌ناتەواوی‌یەکی لە مەعنای (ئا ، سەیری)دا دیوەو بۆ دەستنیشانی ناکاو ، لە

**چ سەرچاوەیەکدا دیویە نووسرابێ (توخوا) تا ئێمەیش هەڵەی خۆمانی لە ڕوو ڕاستکەینەوە؟ شیعر شیعری گۆرانە، هیی کاکەی فەللاح نی یە تا هەق دەسکاری کردنی بێ. دیارە ئەو ساڵێك و چەند مانگ ژیانی وەزیفەیەیشی لەگەڵ گۆران ئەم (حەق شوفعە)یەی ناداتێ!**

لەبارەی بەیتی:

**زۆر شەرمە لە چەرخی بیستەما ئینســـانێ**
**برسی بێ و سکی خۆی هەڵلووشێ بۆ نانێ!..**

(ب ١٠، ل ٢٠٠)یشەوە، ئەڵێ: «وشەی (هەڵلووشێ) هەر تەواو سەقەتە، **ئەسڵەکەی (هەڵوشێ)یە** کە لە هەڵگوشینەوە هاتووە. مەسەلەش برسێتی و هەڵگوشینی ورگە بەبرسانا».

منیش ئەڵێم: **لە هەمان دەفتەردا** کە هەر ئێستا باسم کرد ئەم وشەیەم بە (هەڵلووشێ) نووسیوەتەوە. وایش نازانم هەڵەم کردبێ لە ڕوونووس کردندا. نایشزانم ئاخۆ لەم شوێنانەدا (هەڵلووشین) بەکاردێ یانە؟ ئەگەر بەکاربێ، مەعنایەکی وردو ناسك ئەبەخشێ و زیادەڕەوی یەکی جوانی تیا ئەبێ کە ئەوەتە کابرای بێکاری برسی لەبرسانا سکی خۆی ئەخوا.. ئەگەر بەکاریش نەیەت ئەوە دیارە من بە هەڵەم نووسیوەتەوەو ڕاستەکەی بەوجۆرەیە کە کاکەی فەللاح نووسیویە.

لەبارەی بەیتی:

**ئەڵێی ئەو زەرنەقووتەی پەپکەمارە فەرشی هێلانەی**
**چ ئیشێکە، کورم، بۆچی لەسەر ئەم هەڵکڕووزانەی؟**

(ب ٦، ل ٢٠١)یشەوە، ئەڵێ: «وشەی (ئیشێکە)، (ئێشێکە)یە کە پەیوەندی بە خەولێزڕانەکەوە هەیە».

منیش ئەڵێم: لە دەسنووسەکەی مامۆستا گۆراندا کە من بەشێکی زۆر لە پارچە شیعرەکانم لە ڕوو نووسیوەتەوە، بە هیچ کلۆجێ نیشانەی (٧) بەکارنەهێنراوە، بەڵکو تێکڕا مامۆستا گۆران شێوەنووسینی ساڵانی بیست و سی بەکارئەهێنا. شوێنەکەیشی بۆ (ئیشێکە)و (ئیشێکە) دەستئەدا کە بەمەعنا (چ کارێکە)، (چی یە، چی ڕووی داوە) بێ. سەرەرای ئەوەیش گۆران لە تێکڕای پارچە شیعرەکەیدا ئەیەوێ بوعدێکی فەلسەفی بدا بە هەڵوێستی مناڵەکەو گریانەکەی بگێڕێتەوە بۆ خەمێکی گەورە کە هێشتا ئەو لەئاستیا نی یەو، بە هیچ کلۆجێ لە پارچە شیعرەکەدا باسی ئازاری نەخۆشی نەکراوە. لەبەرئەوە لام وایە بۆچوونەکەی کاکەی فەللاح تارادەیەکی زۆر ئاستی قووڵیی مەعنای نەك بەیتەکە بەتەنها، بەڵکو سەرانسەری پارچە شیعرەکە دێنێتە خوارێ.

لەبارەی بەیتی:

**ئەورۆژەی کە ڕەنگی پێست، ژمارەی سەر،**
**جیاوازیی چین و دین ئەگـــــــرێ بەرامبەر**

(ب ٩، ل ٢٥٩)یشەوە، ئەڵێ: «وشەی (ئەگرێ) نایەت، (ئەکرێ) واتە بەرامبەر ئەکرێ».

منیش ئەڵێم: لە (پەیامی کورد)ەکەی چاپی سەردەمی گۆران خۆیدا کە لە چاپخانەی (ژین) لە سلێمانی لەچاپ دراوەو مامۆستا خۆیشی سەرپەرشتیی لەچاپدانی کردووە، (ئەگرێ) نووسراوەو مەعنایشی زۆر تەواوە، واتە: ڕۆژێ کە ئەم هەموو جیاوازی یانەی کۆمەڵگای چینایەتی بەرامبەر بە یەك ئەگرێ و لە یەك ئاستیاندا دائەنێ و بە یەك چاو سەیری هەموویان ئەکا. (ڕۆژ)ەکەیش لەبەیتەکانی پێش ئەم بەیتەدا دەسنیشان کراوە کە چ ڕۆژێکە. (ئەکرێ) لەم شوێنەدا زۆر کۆڵ و ناشی یانەیە.

لەبارەی بەیتی:

**خۆیشم، لە بنی بێ ئەرزم**
**بۆ تاریکی و ترس ئەلەرزم**

(ب ٥، ل ٢٧٢)یشەوە، ئەڵێ: «بنی بێ ئەرز کوا هەیە؟ ڕاستی یەکەی وەهایە:

خۆیشم لە بن بنی ئەرزم».

منیش ئەڵێم: ئەم پارچە شیعرەم لە ڕووی ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە ١١٦٢ی ١٩٥٣/٨/١٧ نووسیوەتەوە کە ئەو

سەردەمە مامۆستا گۆران بەرێوەبەرو بنووسی بوو و هەر خۆیشی سەرپەرشتی لەچاپدانی ئەکرد . لەوێدا بەمجۆرە نووسراوە «خۆیشم لە بنی – بێئەرزم» . ئەگەر ئەمە هەڵە بێو بەسەر مامۆستا گۆرانا تێپەریبێ ئەبێ دوو هەڵەی بەجارێ تێکەوتبێ : (بنی) کە ئەبێ (بن) بێو (بێ) کە ئەبێ (بنی) بێ . ئەمە تارادەیەك زەحمەتە . لەرووی مەعنایشەوە بەئاسانی ئەتوانرێ مەعنای (بنی بێئەرزم) وا لێبدرێتەوە کە بووترێ مەبەستی ئەوەیە خۆیشم لە قوولایی یێکدام هیچ زەویەکی نیە خۆمی لەسەر راگرمو هەر بەناخدا ئەچمە خوارەوە ، واتە رستەکە کینایە بێ لە قوولی لەرادەبەدەری بیرەکەو بارو دۆخی سەختی ژیان تیایا . بەڵام شتێك هەیە لەوانەیە بکرێ بە نیشانە بۆ راستیی بۆچوونەکەی کاکەی فەللاح ، ئەوەیش دانانی کەشیدەکەیە (–) لە چاپەکەی رۆژنامەی ژیندا کە مامۆستا گۆران عادەتی وابوو لەنێوان دوو بەشی چونیەکی یەك وشەدا دایئەنا . من خۆم دەمێکە بۆچوونەکەی کاکەی فەللاحم ، کە لەراستیدا بۆچوونی هۆگری کوری مامۆستا گۆرانەو ئەو پێشتر وتوویەتی ، لە تێکستی رۆژنامەکەو دیوانەکە لا پەسەندترە .

لەبارەی بەیتی :

**هەوای نەفەس گەروو گیرە**
**قەنارەم قوولایی بیرە**

**(ب ٨ ، ل ٣٧٢)**یشەوە ، ئەڵێ : «وابزانم ئەم (قوولاییی)یە **(قوللاپی)یە»** .

منیش ئەڵێم : ئەمەیش دیمەنێکی‌ترە لە وردنەبوونەوە لە مەعنای شیعر . بەڵێ راستە کرێکاری نەوت بە جۆرە قولاپێکی تایبەتی داهێڵراوەتە خوارەوە بۆ بنی بیر ، بەڵام پێیشی هەڵبرراوە بۆ سەر زەوی‌و ، ئەگەر بتوانین داهێلانەکەی بەو قولاپە بە نیمچە مردنێك دابنێین ، چونکە لە بارو دۆخێکی زۆر سەختا کاری کردووە لە بنی بیرا ، خۆ بە هەڵبرینەوەکەی هێنراوەتەوە بۆ سەر دنیای رۆشن . ئیتر چۆن رەوایە ئەم قولاپە بشوبهێنرێ بە قەنارە کە مرۆ هەر هەڵئەبرێو تەنها بۆ مردنیشی هەڵئەبرێ ؟ ! نەخەیر . هەر (قوولایی)یەو گۆران بە زمانی کرێکاری نەوتەوە لە رژێمی خوێن‌مژین‌و چەوساندنەوەدا ئەڵێ : بارو دۆخی کارکردنم هەموو رۆژێ مردنێکەو . هەرچەند دائەهێڵرێمە خوارەوە بۆ بنی بیر ئەگەیەنرێمە شەرای مەرگ‌و ، کارێکی ئەوەندە سەختم پێ‌ئەکرێ لە حوکمی مردنا بێو ، ئەو قوولایی بیرەی کاری تیائەکەم لە حوکمی قەنارەی کوشتنمدایە . دوو بەیتەکەی پاشەوەی ئەم بەیتەیش بەئاشکرا ئەوە ئەگەیەنن کە وشەکە (قوولایی)یە . گۆران بەم شوبهاندنە مەبەستی بووە بڵێ هی‌وا هەیە بە (هەڵبرین) ئەکوژرێو ، هی‌وایش هەیە بە (داهێلان)و ناسکی‌و وردی‌یەکی هونەرمەندانە لە بەیتەکەیدا هەیە .

لەبارەی بەیتی :

**جەورێکە کراوە لە باوەر بـــە داد ،**
**لە سەربەستیی زانست ، لە بیری ئازاد**

**(ب ٢ ، ل ٢٧٥)**یشەوە ، ئەڵێ : «(بە) نیەو (لە)یە . **واتە :**

جەورێکە کراوە لە باوەر ، لە داد
لە سەربەستیی زانست ، لە بیری ئازاد
جەورو ستەم لە هەر چواریان کراوە» .

منیش ئەڵێم : با کاکەی بەرێز بەر لە هەرچی سەیرێکی ژمارە ١١٦٥ی ١٩٥٣/٩/١٧ی رۆژنامەی (ژین) بکا بزانێ چی نووسراوە ، جا منیش مەعنای بەیتەکەی بۆ لێئەدەمەوەو ئەڵێم : ئەم تاوانی بە کورسیی کارەبا کوشتنەی ژن‌و مێردی زانای ئەمەریکایی ئەسیل‌و جۆلیۆس رۆزەنبرگە ، کە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە خەباتیان لەپێناوی ئاشتی‌خوازی‌و دژایەتیی دروست‌کردنی چەکی ئەتۆما کوژران ، تاوانێکە بەرامبەر باوەر بە داد کردن ، بەرامبەر بە سەربەستیی زانست‌و بیری ئازاد کراوە .

لەمەیش بەولاوە باسکردنی (باوەر) بە موتڵەقی‌و بێ روونکردنەوەی ئەوەی باوەر بێ بە چی ، یا نیشانەی ناهوشیاریی سیاسی‌یە یا نیشانەی عەوام خەڵەتێنی‌یە ، چونکە

تەنانەت بکوژەکانی ئەو زانایانەیش باوەڕێکیان هەیە کە باوەڕە بە مافی ئیمپریالیزم‌و جەنگ‌و دروستکردنی چەکی قڕخەرە ئادەمیزاد بۆ تۆقاندنی گەلان‌و داگیرکردنی ولاّتیان . جا تۆ بلّێی کوشتنی ئەو دوو زانایە تاوان بێ بەرامبەر بە باوەڕێکی‌وایش ؟ دیارە ، نەء . کەواتە ئەبێ مەفهوومی ئەم باوەڕە دیاری بکرێ تا هەموو جۆرە باوەڕێکی ڕاست‌و ناراست نەگرێتەوەو ، گۆرانیش وەك شاعیرێکی هۆشیارو مولتەزیم وای‌کردووەو ، وتوویە : «جەورێکە کراوە لە باوەڕ بە داد»و باوەڕەکەی بە موتلەق نەهێشتووەتەوە .

لەبارەی بەیتی :

**لە ڕێی گوێوە برژێرە گیان ،**

**زیندانم پڕکە لە کۆڵدان**

(ب ٥ ، ل ٢٨٠)یشەوە ، ئەڵێ : «ئەم کۆڵدانە ، کە بەزین ئەگرێتەوە ، تەواو پێچەوانەی ماناو مەبەستی شیعرو شاعیرە . لەبەرئەوە (کۆڵدان) نی‌یەو (گوڵدان)ە وەك کاك هۆگر گۆرانیش وەختی خۆی وتی» .

منیش ئەڵێم : وانی‌یە ، چونکە زیندان هەرگیز ، بە بەراورد لەگەڵ ژیانی ئازادیدا ، پڕ نابێ لە گوڵدان . زیندان جێگەی سەرکوت‌کردنی ئازادی‌و مافی زیندانی‌یە . ئەگەر وشەکە (گوڵدان) بێ ، ئەبێ گۆران مەتلەبی نەبێ لە زیندان دەرچێ‌و تەنها کەمێك خۆشکردنی بارو دۆخی ژیانی ناو زیندانەکەی مەبەست بێ . ڕاستەکەی ، وەك لە دیوانەکەدا نووسراوە ، (کۆڵدان)ە ، چونکە تا بەرەبەیانی ١٤ی تەمووزیش زیندانەکەی گۆران بۆ ئەوە بوو کۆڵ بە گۆران‌و هاوڕێکانی بدا . پاش ڕوودانی شۆڕشیش ئەبوو ئەو سیستێمە سیاسی‌یەی گۆرانی بەند کردبوو بۆئەوەی کۆڵی پی‌بدا ، خۆی کۆڵ‌بداو زیندانەکەی لەوە بکەوێ کە دەسگایەکی سەرپان‌کردنەوەی خەباتکاران بێ بەدەست ڕژێمی نوکەرو کۆنەپەرستەوە ، بەڵکو ئەبوو بێ بە جێگەی ئەوانەی گۆران‌و هاوڕێکانی‌یان زیندانی کردبوو . بۆیە گۆران ڕووی دەم ئەکاتە دەنگی لەدوورەوە بەرگوێ کەوتووی جەماوەری ڕاپەڕیوو ئەڵێ : نزیك‌ببەرەوە لێرەیش‌و بگەرە ئێرەیش‌و ، کۆڵ بە زیندان‌و زیندانەوانەکانمان بدەو ئازادیمان بۆ بگێڕەوە تا بێینە دەرەوە . ئەوەی داوای زیندان پڕ لە گوڵ‌و گوڵدان کردن ئەکا لەجیاتی ڕێ تەخت‌کردن بۆ ڕووخاندنی یەگجاری‌و هەمیشەی ، نەك هەر شۆڕشگێڕ نی‌یە ، بەڵکو لە ئیسلاحی‌یش یەمینی‌ترە . سەد حەیف‌و مخابن هۆگری کوڕی گۆران‌و کاکەی فەللاحی دۆست‌و برادەری ، هەڵوێستی‌وا نابارو ناپەسەندی پێ ڕەوا ئەبینن . .

لەبارەی وشەی (ڕابوردوو)یشەوە (یەکەم دێری پاش ناوونیشانی پارچە شیعری (بت – بتەوان) ، ل ٢٨٢) ، ئەڵێ : «وشەی (ڕابوردوو) کە ناونیشانی ڕوونکردنەوەی دووەمە ، دوای (بت – بتەوان) کە ناونیشانی سەرەکیی قەسیدەکەیە ، بەشێك یان بەیتێك نی‌یە لە قەسیدەکە . کێشیشی لەگەڵ بەیتەکانی‌تردا نی‌یە . ناونیشانێکە وەك (١٤ی تەمووز)ی دواترەوە . دەبوو بەجیا بنووسرایە» .

منیش ئەڵێم : ڕاستە وایەو ، قسەکەی کاکەی فەللاح لێرەدا زۆر بەجێ‌یە .

لەبارەی بەیتی :

**هەر شەیتان ، بت ، هەر بتەوان**

**بڕواکانی‌تر هەموو بان**

(ب ٢ ، ل ٢٨٣)یشەوە ، ئەڵێ : «ئەم (بان)ە (یان)ە بۆئەوەی ببێ بە (هەموویان) . هەڵەی چاپە» .

منیش ئەڵێم : ئەمەیشی زۆر بەجێ‌یەو ڕاستە وایە کە ئەو ئەڵێ .

لەبارەی بەیتی :

**دوژمنم : شەیتانی نەگریس**

**ئەمریکا بێ یان ئینگلیس**

(ب ١ ، ل ٢٩٢)یشەوە ، ئەڵێ : «بڕگەیەکی ناتەواوە هەتا

هاوکێش بێ لەگەڵ بەیتی سەوەوەدا (واتە : تا نیو بەیتی دووەم هاوکێش بێ لەگەڵ نیو بەیتی یەکەم – م) . (ئەمریکا بێ) ، (ئەمریکایی بێ)بەو ڕاست دەبێتەوە» .

منیش ئەڵێم : وانی‌یە ، چونکە ئەبێ لەسەرچی (ئەمریکایی) واتە خەڵکی ئەمریکا دوژمنی گۆران بن‌و گۆران دوژمنی ئەوان بێ ؟ ئەمە لە بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی گۆرانەوە دوورە . وشەکە هەر (ئەمریکا)یە کە بە وڵات ئەوترێ‌و مەبەست لێی ڕژێم واتە ئیمپریالیزمی ئەمریکایە . (ئینگلیس)یش هەروا . گۆران دوژمنی (ئینگلیز) نی‌یە بە مانای خەڵکی بەریتانیا ، دوژمنی ئینگلیزە بە مەعنای ئیمپریالیزم . بۆ مەسەلەی هاوسەنگیی دوو نیوە بەیتەکەیش (گیرە)یەك بخەرە (گاف)ەکەی (ئینگلیس) ، بەوە ئەو ناهاوسەنگی‌یە چارئەکرێ . خۆ ئەگەر (ئەمریکایی)یش بووایە ، (ئینگلیس) سەنگی نیوە بەیتەکەی تێك‌ئەدا ، مەگەر بە (ئینلیس)مان بخوێندایەتەوە .

لەبارەی بەیتی :

**مشتی وەك پۆڵای ڕقتان**
**ڕاست‌ئەکەنەوە لەوانەی**
**تەم ئەخەنە شەبەقتان**

(ل ٣٣٣)یشەوە ، ئەڵێ : «ئەم وشەی (ڕقتان)ە (ڕەقتان)ە ، چونکە هەم مشتی بە پۆڵا چوواندووە کە ڕەقەو هەم (ڕەقتان) هاوقافیەی (شەبەقتان)ە» .

منیش ئەڵێم : ئەمەیش ڕاستەو هەڵەی چاپە .

لەبارەی بەیتی :

**دڵنیا بوو لە ئەنجامو ، بە بێ‌دەنگ**
**کێشایەوە بۆسێبەری خەوی مەنگ**

(ب ١ ، ل ٣٣٨)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (کێشایەوە) مانای نایەت‌و ئاڵۆزە . (کشایەوە)یە لە شێوەی پرسیاریشدا نی‌یە» .

منیش ئەڵێم : ئەمەیشی هەروا ڕاستە ، بەڵام نیشانەی پرسیارەکە گۆران خۆی دایناوە ، نازانم بۆ ؟

لەبارەی بەیتی :

**لەوڕۆژەوە جێی پیرەمێـــرد .**
**(قۆچی تینوو بۆ دەمی کێرد)**

(ل ٣٤٢)یشەوە . کە لە پەراوێزیا نووسراوە : «ئیشارەتە بۆ ئەم شیعرەی پیرەمێرد لە قەسیدەی (هاتن شەهیدەکان)دا :

**من وامئەوێ کە حەشر ئەکرێم خوێن بە بەرگەوە**
**بەو عەشقی میللی‌یەوە ، بە کزەی سۆزی جەرگەوە» ،**

ئەڵێ : «تێ‌نەگەیشتم بۆ ئیشارەتە بە قەسیدەی (هاتن شەهیدەکان ؟)» .

منیش ئەڵێم : بۆیە ئیشارەتە بۆ ئەو بەیتە ، چونکە لە بەیتە ئیشارە بۆکراوەکەدا بڵێ حەزئەکا بە جلی خوێناوی‌یەوە حەشر بکرێ ، دیارە حەزیش ئەکا بێ بە قۆچی قوربانی‌و ، تینووی دەمی کێردە .

هەر لە مەودای نووسینی لەسەر ئەم بەیتەدا نووسیویە : «(میللی‌یەوە) ، (میللی‌یەو)یە تا کێشەکەی ڕاست بێتەوە» .

منیش ئەڵێم ڕاست‌ئەکا ، بەڵام من بەیتەکەم بەم‌جۆرە لە (پیرەمێردی نەمر)ەکەی دۆستی دووروڵات کاك موحەممەد ڕەسووڵ هاوار وەرگرتووە . ڕاستەکەیشی لام‌وایە زۆر لە شیعرەکانی پیرەمێرد کە لەو کتێبەدا بەچاپ‌گەیەنراون لەنگی‌یان تێ‌کەوتووەو ، ئەبوو بە جۆرێ بنووسرانایەتەوە لەنگی‌یەکانیان ڕاست‌کاتەوە . بۆنموونە ئەم بەیتە بەم‌جۆرە بنووسرایەتەوە :

**من وامەوێ کە حەشرەکرێم : خوێن بەبەرگەوە**
**بەو عەشقی میللی‌یەو ، بە کزەی سۆزی جەرگەوە**

لەبارەی بەیتی :

**لەناو هەزارو یەك گوڵاٚ**
**من هێرۆم زۆر (چۆ) بە دڵاٚ**

(ل ٣٤٣)یشەوە ، ئەڵێ : «وادیارە ئەم (چۆ)یە بۆیە خراوەتە کەوانەوە (مانا کەی) ساغ‌نەکراوەتەوە . (چۆ) نی‌یەو (چوو)ە ، واتە :

**لەناو هەزارو یەك گوڵاٚ**

**من هێرۆم زۆر چوو بە دلا**
**زۆر چۆتە دڵمەوەو پەسەندم کردووە» .**

منیش ئەڵێم : نەخەیر ، مامۆستا گۆران لە دەسخەتەکەی خۆیدا کە لێم وەرگرت کاتێ لە (ئازادی) پێکەوە کارمان ئەکرد ، ئەو (چۆ)یەی خستبوە کەوانەوە . هەر ئەوکاتەیش تێگەیشتبووم کەوا بۆیەی خستبووەتە کەوانەوە تا سەر لەو کەسانە نەشێوێنێ کە ئەیخوێننەوەو بزانن ئەمە شێوەی تایبەتی سلێمانی‌یەو ئەسڵەکەی (چووە)یە نەك (چوو) ، چونکە (چوو) بۆ ئەم شوێنە دەس‌نادا . کە یەکێك باسی حاڵەتێکی هەمیشەیی‌و بەردەوام بکا ئەڵێ : تۆم چووە بە دلا ، ناڵێ : تووم چوو بەدلا ، چونکە ئەمەی دوایی مەعنای بەردەوامی ناگەیەنێ .

لەبارەی بەیتی :

**بزانن ئەوحەلە من یا ئامۆزا**
**قەڵانتر ئەنوێنێن گەردنی رەزا**

(ب ٩ ، ل ٣٨٢)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (قەڵانتر) مانای نایەت . (قەلانترە) واتە دانەواوتر . گەردن قەلان‌کە = گەردن دانەوێنە» .

منیش ئەڵێم : ئەگەر مەعنا نەهاتنەکە لە جیاوازیی (ل)ی (قەڵانتر)و (قەلانترە)وە بێ ، ئەوا من دانی پیائەنێم نەمزانیوە وشەکە بە کام‌جۆر راستەو پارچە شیعرەکەیشم لە رۆژنامەی (ژین) وەرگرتووە کە هیچ ئیشارەتێکی (٧)ی تیا بەکارنەهێنراوە . ئەگەر لەبەرئەوەیش بێ کە راستەکەی وەك کاکە نووسیویە (قەڵانترە) بێ بە زیادەی ئەو تیپی (ە)یە لەدوایی وشەکەوە ، ئەوە من لام‌وایە هەڵەیەکی زەقەو نیوە بەیتەکەی پێ لەنگ ئەبێ‌و شوێنی وشەکەیش لە رستەدا دیار نی‌یەو نازانرێ (ە)ی (قەڵانترە) بۆکام سەرچاوە ئەگەڕێتەوە .

لەبارەی بەیتی :

**ناڵێم : مەخۆن ، چش لە خواردن**
**چش لە ورگیش پەتی کـــــردن**

(ب ٦ ، ل ٣٨٤)یشەوە ، ئەڵێ : «وشەی (پەتی) هیچ مەعنایەك نابەخشێت . بەڵکو (بە تێ)یە ، یانێ : چش لە ورگیش بە تێ‌کردن ئەتەقێت» .

منیش ئەڵێم : بەپێچەوانەوە ، بۆچوونەکەی کاکە هیچ مانایەك نابەخشێ بۆ ئەم شوێنە دەس‌بدا . یانی‌چی «چش لە ورگیش بە تێ‌کردن ئەتەقێت» ؟ بۆچی ئەو نوێنەرە ساختانەی پەرلەمان‌کە مردووە ناو بۆ دەنگ‌دان زیندوو کراوەکان قسەیان لەگەڵ ئەکەن لەم پارچە شیعرەدا ، بە تەقاندنی ورگی خۆیان زیان لەگەڵ ئەدەن تا گۆرانیش بە زمانی مردووەکانەوە پێ‌یان‌بڵێ قەی‌ناکا چەند ئەخۆن تا بتەقنەوە بخۆن ، کەس رێتان لێ ناگرێ ؟

مەعنای بەیتەکە پێوەندی بەوەوە هەیە کەسانی تەمەڵ‌و مفتەخۆر ، وەك دەرەبەگەکانی نوێنەری پارلەمانە ساختەکان ، تا مرئەبوون ئەیانخواردو ورگیان ئەئاخنی . . جا لەتاو گەدەتا پشتێنیان ئەکردەوەو سکیان لێ بەرەڵلا ئەکرد . گۆرانیش کە باسی ئەو نوێنەرە ساختانە ئەکا پێ‌یان‌ئەڵێ : هەرچەند ئەخۆن ، بخۆن . چەندتان حەز لێ‌یە ورگتان رووت‌و بەرەڵلا بکەن . . من تەنها ئەوەندەم لێتان ئەوێ مادەم بە دەنگی مردوو بوون بە نوماینەدەی پارلەمان ، وەك مردوو کروکپ‌و بێ‌دەنگ بن . جا نازانم ئێستا دەرکەوت (پەتی) مەعنا ئەبەخشێت ، یا هێشتا هەر دەرنەکەوتووە ؟ !

لەبارەی بەیتی :

**دۆڵی کپ‌و چەمی خورت**
**دارستانی زەبەندو چرت**

(ب ٤ ، ل ٤٠١)یشەوە ، ئەڵێ : «(نیوەی دووەمی بەیتەکە) لەگەڵ ئاوازە تایبەتی‌یەکەی ئەم سروودە نایەت ، چونکە برگەیەکی کەمە . لەبەرئەوە وشەی (دارستانی) ، (دارستانانی)یە» .

منیش ئەڵێم : راستە وایە وەك کاکە نووسیویەو ، لە دەسنووسەکەی لای خۆیشما کە لەرووی دەسنووسی گۆران خۆی نووسیومەتەوە هەر (دارستانانی)یە ، هەر لەبەرئەوە کە

گۆران لەبەر ڕاگرتنی سەنگی نیوە بەیتەکە وای وتووە ، ئەگینا کوردی یانەتر ئەوەبوو (دارستانی) بووایە وەك (لووتکەی)و (نزاری)و (دۆڵی)و (چەمی) کە جەمعی نەکردوونەتەوە . چونکە ئەم جۆرە ئیسمی جینسانە پێویستیان بە جەمع کردنەوە نی یە .

لەبارەی بەیتی :

**بگرمێنە وەك شێر ، بچۆ ناوی بەرد**

**بڵێ : کوا هەقی ژینی ئینسانی مەرد**

(ب ٧ ، ل ٤٠٣)یشەوە ، ئەڵێ : «(بچۆ ناوی بەرد) هەر زۆر بێ تامە ، ڕاستی یەکەی ئەوەیە کە لە پەراوێزیدا بەگومانەوە نووسراوە «بجۆرە نەبەرد» واتە : بجۆرە جەنگەوە .

منیش ئەڵێم : لە دەسنووسەکەی گۆران خۆیا (بچۆ ناوی بەرد) نووسرابوو ئەگینا منیش ئەوەم لا جوانتر بوو وەك لە پەراوێزەکەدا نووسیومەتەوە . کە شیعریش شیعری گۆران بێ و خەتیش هەر خەتی خۆی بێ ، ئەبێ من و کاکەی فەلاح بە چ هەقێك بۆمان ڕەوا بێ دەسکاریی بکەین ، مەگەر بە هەقی دەسدرێژی و ئارەزووبازی . . لەوانەیشە مەبەستی گۆران لە چوونە ناوبەرد پەنابردنە بەر چیاو سەنگەرو بەردەلان بێ و ، بەم مەعنا گۆران هەر لەو سەردەمەوە گەلێ لە ئێمەمانان دوورتر بیری کردووەتەوە .

لەبارەی بەیتی :

**ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم**

**نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم**

(ب ٣ ، ل ٤٠٥و چەند جاری تریش لەو پارچە شیعرەدا دووبارە بوو بێتەوە)یشەوە ، ئەڵێ : «هیچ مانای نایەت و ئاڵۆزو شێواوە . لە هەموو بەندەکانی تردا ئەم (تۆز)ە دووبارە بووەتەوە ڕاستێکەی (قۆز)ە ، واتە ئاهەنگەکەی نەورۆز شەنگ و قۆز ئەکەم و زۆر خۆش ئەکەم» .

منیش ئەڵێم : کاکەی فەلاحیش وەك هۆگر ڕاستی بۆچووەو ، لە دەسنووسەکەی لای خۆیشمدا هەر (قۆزئەکەم) نووسراوەو . بە هەڵە لەو نوسخە دووەمەدا کە خستوومەتە بەرچاپ نووسیومە (تۆزئەکەم)و بەوجۆرە لەچاپ دراوە . وەختی خۆی لە وەڵامی هۆگریشدا دانم پیانا کە هەڵەی منە . وادیارە کاکە زۆر مەبەستیەتی ژمارەی ئەو هەڵانەی . درەنگ وەخت ، ئەیاندوزێتەوە . تا پێی ئەکرێ ، زۆرتر بێ !

لەبارەی بەیتی :

**وەك ئاڵتوون زەردە**

**پاك و بێ گەردە**

(ب ٣ ، ل ٤٢٧)یشەوە . ئەڵێ : «بەم پێنج برگەیی یە لەگەڵ ئاوازە تایبەتی یەکەی ئەم سروودەدا ڕێك ناکەوێت . ئەم بەیتە چوار برگەیی یە بەم چەشنە :

وەك ئاڵتوون زەرد

پاك و بێ گەرد»

هەروەها لەبارەی بەیتی :

**ئەیگرێ خوا**

**هەر کەسێ بیخوا**

(ب ٦ ، ل ٤٢٧)یشەوە ، ئەڵێ : «لە خوێندنەوەدا لەنگەو دێری دووەمیش لەگەڵ ئاوازەکەیدا ناگونجێت . جا بۆئەوەی هەردوو میسرەع وەك یەك چوار برگەیی بن پێویستە وشەی (هەرکەسێ) بێ بە (هەرکەس) . ئەسڵی شیعرەکەش هەر وایە» .

منیش بەرامبەر بە هەردوو بۆچوونەکەی کاکەی فەللاح ئەڵێم ڕاست و بەجێ یە .

لەبارەی بەیتی :

**بەرازی شەخەڵی کۆ**

**دوژمن نەیخوا گەنم و جۆ**

(ب ٧ ، ل ٤٢٨)یشەوە ، ئەڵێ : «پێم وایە وشەی (شەخەڵی) ، (شێخەڵی)یەو بەریزە دەرونمی (؟) چر دەڵێن لە لادێ کە بەرازو جانەوەری تر خۆیانی تیا مەڵاس و حەشار ئەدەن» .

منیش ئەڵێم : لەو ناوچەی شارەزوور هەورامانە (شەخەڵ) ئەڵێن و گۆرانیش خەڵکی ئەو ناوچانایە .

لەبارەی بەیتی :

**هەرچەند عابیدین لە ماڵ دەرنەچوو**

**ئەو خۆی ئە کوویە ئەگەیاند زووزوو**

(ب ٥ ، ل ٤٧٥)یشەوە ، ئەڵێ : « (ئەکوویە) ، (لە کوویە)یەو دیارە هەڵەی چاپە» .

منیش ئەڵێم : لە رۆژنامە (ژین)ەکەیشدا کە مامۆستا گۆران ئەم پارچە شیعرەی تیا بڵاوکردووەتەوە ، هەر بەوجۆرەیە کە لە دیوانەکەدا نووسراوەو ، راستیشە ، چونکە لە زۆر ناوچە ئەوترێ «خۆی گەیاند ئە ماڵەکە»و تەنانەت کە ئێمەیش ئێستا ئەڵێین «خۆی گەیاندە ماڵەکە» ئەسڵەکەی «خۆی گەیاند ئە ماڵەکە» بووەو سووك و ئاسان کراوە . کەواتە ئەوەی لە دیوانەکەدا نووسراوە راستەو نە هەڵەی چاپەو نە هەڵەی نووسینەوە .

لەبارەی ئەو بۆچوونەی کاکەیشەوە کە نووسیویە : «بەپێی بۆچوونی خۆم واتێ ئەگەم کە بەشی دوایی شیعرەکەی (داستانی هەیاسی و کاکە عابیدین) ، واتە بەندی دوایی کە لەم دێرەوە دەست پێ ئەکات :

لەم سەرگروشتە نیازم پەندە

هەر بەتەواوی هی مامۆستا گۆران خۆی بێت و لەژێر پەردەی ئەو وەرگێرانەدا ، لەو رۆژگارەدا ئەو هێرشی یە ( ؟) بیری و رامیاری یەی کردبێتە سەر ئیمپریالیزم و داردەستەکانی ئەو سەردەمە» .

منیش ئەڵێم : کە گەرامەوە سەر کتێبی (کلیات مصور عشق در شش کتاب)و لە لاپەرە ١-٤ی (کتاب پنجم)یدا ئەم پارچە شیعرەم تەماشاکرد ، بۆم دەرکەوت ئەو چەند بەیتەی کاکە باسی کردوون ، دوو بەیتی دوایی یان نەبێ ، هەموو هەر هی عیشقی خۆیی و ، بەڵکو گۆران بەشێکی زۆری لە دوایی ئەو پارچە شیعرەوە وەرنەگێراوە ، چونکە پێوەندی بە خوێندەواری کوردەوە نی یە .

* * * *

ئێستا کە لە پیاچوونەوەو هەڵسەنگاندنی بەسەرکردنەوەو سەرنجە درەنگ وەختەکانی کاکەی فەللاح ئەبمەوە ، ئەبێ رووی دەمی تێ بکەم و پڕ بە دڵ پێی بڵێم : سوپاس ، سوپاسێکی زۆر ! چونکە ، هەرچۆن بێ ، ئەویش ، وەك هۆگری کوری مامۆستا ، چەند هەڵەیەکی راستکردەوەو ، بەمە کارێك کرا ئەگەر جارێکی تر دیوانەکە لەچاپدرایەوە ئەو هەڵانەی لێ دەربکرێ . هەروا چونکە لە لایەکی تریشەوە بوو بە هۆی ئەوە کە لەوشوێنانەی تیایانا بەهەڵەچووە ، لە رێگای راستکردنەوەی هەڵەکانیەوە دەرفەتی ئەوەم بۆ بلوێ چەردەیەك لە مەعناو رازی هەندێ شوێنی چەند شیعرێکی گۆران بکۆڵمەوە . بەڵام نایشێ ئەوە بشارمەوە کە پڕ بە دڵ متمانەم هەیە کاکەی فەللاح بۆ وێنەی شیعری نەگەراوە – وەك خۆی ئەڵێ – تا ئەم هەموو هەڵە راست و ناراستانە بدۆزێتەوە . بەرو دوای مەبەستی کاکە گەران بووە بەدوای هەڵەدا بۆ هەڵەگرتن لە من . بۆیەیش ئەڵێم متمانەم هەیە چونکە ئەقڵ نایبڕێ دیوان لە ١٩٨٠دا دەرچووبێ و کاکەی فەللاح سەرەرای دۆستایەتی و هاورێیەتی گۆران ، خۆیشی لە ئامادەکردنی دیوانەکەدا بە هاوبەش بزانێ و لەگەڵ ئەوەیشا تا ساڵی پار چاوێك بە دیوانەکەدا نەگێرێ ، بەڵکو لەمەیش زیاتر هۆگری کوری مامۆستا گۆران لە مانگی ئابی ١٩٨٢دا وتارێکی بڵاوکردبێتەوە کۆمەڵێ هەڵەی لە دیوانەکەدا تیا دەسنیشان کردبێ کە لە بەشێکیانا لەگەڵ کاکەی فەللاحدا هاودەنگ بێ و ، منیش لە حوزەیران و تەمووزی ١٩٨٣دا بە دوو وتار وەڵامم دابێتەوەو تەنانەت ئەمەیش گوێی کاکەی نەزرنگاندبێتەوەو ئەم هەموو رووداوانە وەك با بە لای گوێیا تێپەر بووبن . . لەگەڵ ئەمەیشا دیسانەوە ئەڵێمەوە : سوپاس و ، چاوەروانم هەر برادەرێکی تریش بتوانێ ئەم چەشنە بەشداری یە بکا ، دریغی و کەمتەرخەمی نەنوێنێ .